گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
https://doi.org/10.26750/1bmdsw82

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٥/١١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٥/٠٨/١٠
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# كەلتوری شەڕ لەعەقڵییەتی خێڵەكیی عەرەبدا پێش ئیسلام (توێژینەوەیەكە لەهۆكار و ئامانجەكانی)

ادریس عبدالله برایم[١] رسول ابراهيم رسول [٢]

Rasul.ibrahim@uor.edu.krd - idresabdullaabdulla@gmail.com

[١+٢]بەشی مێژو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی ڕاپەرین، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**

هەر كۆمەڵگەیەك لە مێژودا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبوە، كە بەشێكیان زیاتر دەركەوتون و كاریگەرییان بەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەكە داناوە، بە جۆرێك ناسنامەی باش و خراپی هەبوە، لەخەسڵەتی میواندۆستی و خانەدانی باش بون، كۆمەڵگەی عەرەبیش وەك هەر كۆمەڵگایەكی دیكە، تایبەتمەندی خۆی هەبوە، لەنمونەی ئەوانە كەلتوری خێڵەكی و دەمارگیری، كە شوێنكار و كاریگەری زۆری لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی عەرەب بەجێهێشتوە، ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر كەلتوری شەڕانگێزی و دەستدرێژی و پەلاماردان و تاڵانی خێڵەكانی عەرەب پێش ئیسلام، كە نەریتێكی پەیڕەوكراو و باوی كۆمەڵگەی خێڵەكی عەرەبی پێش ئیسلام بوە، گەڕانەوەیە بۆ بنچینەی ململانێ خێڵەكییەكان، بەخستنەڕوی هۆكار و ئامانجەكان، بێگومان خێڵ و هۆز و تیرەكانی نیمچە دورگەی عەرەب زۆربەی كات لەدژی یەكتر لەشەڕدا بون و شەڕ بەشێك بوە لەیاسای هۆزایەتیان، بەجۆرێك لەژیانی بیابانشینیدا دەمارگیری خێڵەكی و پەیوەستبون و بەرگری لێكردنی نیشانەی سەركەوتنی ئەوان بوە، بەشی زۆری پەیوەندییە هۆزایەتییەكان لەو سەردەمەدا لەسەر بنەمای دوژمنایەتی ڕێكخراوە، یان هاوپەیمانی و پەیمان بەستنی نێوانیان لەسەر بنەمای یارمەتیدانی یەكتر بوە، ئەمەش بارودۆخێكی ناهەموار و شەڕانگێزی هێناوەتە ئاراوە، بۆتە نەریت و بەشێك لەكەلتوری خێڵەكی، كەپایەكانی ئەو كۆمەڵگایە لەسەر بنەمای هێز و ڕشتنی خوێن دامەزراوە، بۆیە نەریتی تۆڵەسەندنەوە وەك یاسا و كەلتور لەدەمار و خوێنیان چەكەرەی كردبو، گرنگی ئەم بابەتە و كاریگەری لە مێژوی ململانێی خێڵەكی و داهاتوشیان، بێگومان ئەم بابەتە هەڵدەگرێت توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بكرێت، هەمو ئەو تایبەتمەندیانەش بۆ ئێمە بوە هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە و گرنگیپێدانی.

توێژینەوەكەش لەپێشەكی و دو تەوەری سەرەكی پێكهاتوە، لە تەوەری یەكەمدا، هۆكارەكانی ململانێ و شەڕی خێڵەكی عەرەب پێش ئیسلام شرۆڤەكراون، تەوەری دوەمیش بۆ باسكردنی دیارترین ئامانجەكانی شەڕی خێڵەكی تایبەتكراوە، ئەمانە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان خراونەتەڕو.

**كلیلە وشەكان:** بیابانشینی، دەمارگیری خێڵەكی، كەلتور، شەڕ، تاڵانی.

# The Culture of War in the Pre-Islamic Arab Tribal Mentality: A Study of its Causes and Goals

**Idris Abdullah Braim[1] - Rasul Ibrahim Rasul [2]**

[1+2]Department of History, College of Human Sciences, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

This study focuses on the culture of aggression, rape, attack and plunder of pre-Islamic Arab tribes, which was a common tradition of pre-Islamic Arab tribal society, a return to its origins and Tribal conflicts, by explaining the causes and objectives. The tribes of the Arabian Peninsula had often been at war with each other which had been part of their tribal law, characterized by tribal racism; a sign of their success in desert life that was most important. Most tribal relations at that time were organized on the basis of hostility, or alliances and treaties based on mutual assistance.

What distinguishes Arab life in pre-Islamic times was their aggressive life, which had become part of the tribal culture. The foundations of the society were based on force and bloodshed. The importance of this subject and its impact on the history of tribal conflict and their future, of course, deserves special research, all these characteristics were the reason for us to choose that topic to shed light on.

The research consists of two main trends. In the first trend, the reasons for the outbreak of Arab tribal warfare before Islam were explained. In the second trend, we discuss the most important goals of the war. Finally, the results and the list of references were presented.

**Keywords**: Desert Population, Tribal Racism, Culture, War, Plunder.

## پێشەکی:

هەر کۆمەڵگایەك بەشێوە ژیانێکی تایبەتی ناسراوە، بەشێك لەو سروشتەش وەك نەریت و کەلتورێك نەوە بۆ نەوە گواســـتراوەتەوە، دەشێ هەندێکیان ئەرێنی و هەندێکیان نەرێنی بوبن، دیارە کۆمەڵگەی نیمچە دورگەی عەرەبی کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و زۆرینەیان بیابانشـــینی بون، خاوەنی کۆمەڵێك لەدابونەریتی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی بون، لە نمونەی ئەوانە کەلتوری ململانێ و شـــەڕی خێڵەکی، کە جێی بایەخی ئەم توێژینەوەیە، لە ڕاســـتیدا دەمارگیری خێڵەکی و کەلتور و دابونەریتی خێڵەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی، یەکێکە لەو بابەتە هەنوکەیی و گەرموگوڕانەی لەناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکان دا دەخرێتەبەر لێکۆڵینەوە و شیکارکردن، بەهۆکاری ئەوەی ئەو بابەتە کاریگەری قوڵ

و بەرفراوانی لەسەر ئەو خێڵانەی هاتنە ناو ئاینی ئیسلامەوە هەبوە، بەتایبەت ناوچەی حیجاز، چونکە ئاینی ئیسلام لەناو خێڵەکانی ئەو ناوچەیە سەریهەڵداوە، هەرچەندە لەسەردەمی پێش ئیسلام خێڵەکانی ناوچەکە پەرتەوازەبون هیچ شتێك لە هەڵکوتانە سەریەك و پەلاماردانی یەکتر زیاتر پێکەوەی نەدەبەستنەوە، تەنانەت کاریگەری لەسەر داهاتوشیان داناوە، سەرنجدان و لێوردبونەوە لەهۆکار و ئامانجی ئەو ململانێیە کە لە کەلتوری شەڕانگێزی خێڵەکی عەرەب، وا دەخوازێت توێژینەوەی تایبەتی لەبارەوەبکرێت، بۆتێگەیشتن لەسروشتی شەڕ و ململانێکانی نێوانیان بابەتێکی پێویست و گرنگە، هەر بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە (کەلتوری شەڕ لە عەقڵییەتی خێڵەکیی عەرەبدا پێش ئیسلام).

هۆکاری هەڵبژاردنیشی. دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی ناوەندی ئەکادیمی کوردی بەمجۆرە بابەتانە و خواستی توێژەر لەسەر بابەتەکە، کەئامانج لێی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بێلایەنانەیە، دەرخستنی حەقیقەتی مێژوی بەشێك لە کەلتوری خێڵەکیی عەرەب پێش ئیسلام، کە بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشك دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتیی عەرەب و هۆکار و ئامانجەکانی کەلتوری شەڕانگێزیان شەن و کەو دەکات.

هەرچی پرسی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی و بێلایەنانە دەگەڕێت بە دوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا، کە وەك پرسی توێژینەوە شرۆڤەیان بۆ دەکرێت، بۆ نمونە بۆچی شەڕ بۆتە کەلتورێکی عەرەب؟ هۆکاری ململانێ و بەریەککەوتنی خێڵەکان چیبوە؟ بۆچی پانتایەکی زۆری لەمێژوی عەرەب پێش ئیسلام داگیرکردوە؟ ئامانج و مەبەستەکانی شەڕی نێوان خێڵەکان چیبوە؟ ئەمانە و چەند لایەنێکی دیکە بە پشت بەستن بە سەرچاوە ڕەسەنەکان و توێژینەوەی زانستی تایبەتمەند وەڵامی پێویستیان دەدرێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی توێژینەوەکەش زیاتر میتۆدی شیکاری بەکارهاتوە، بۆ هەڵسەنگاندنی دەق و ڕاڤە و بیروبۆچونی توێژەر لەسەر شەڕی نێوان خێڵەکان و ئامانجەکانی، لەکات و شوێنی پێویستیشدا میتۆدی گێڕانەوە و وەسفی بەکارهاتوە.

ئەوەی تایبەتیشە بە پێکهاتەی توێژینەوەکەوە، ئەوە لەپێشەکی و دو تەوەری سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی لەخۆ گرتوە، لەتەوەری یەکەمدا لەسەر هۆکار و پاڵنەرەکانی شەڕی خێڵەکی وەستاوین، سەرنج خراوەتە سەر هۆکاری ململانێ و بەریەککەوتنی خێڵە بیابانشینەکان، بەتایبەت خێڵەکانی ناوچەی حیجاز کە خێڵی قورەیش باڵا دەستە و کۆمەڵێك ڕوداوی مێژویی گرنگ لەناوچەکە ڕویان داوە لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلام، لەتەوەری دوەمدا گرنگترین ئەو ئامانجانە ڕونکراوەتەوە کە لەکەلتوری خێڵەکی شەڕی لەسەر کراوە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان تێکۆشاون، لێرەدا بەهێنانەوەی نمونەی چەند شەڕێك لەنێوان خێڵی قورەیش و خێڵەکانی دیکەی ناوچەی حیجازدا شیکاری بۆ بابەتەکە کراوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سود لە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر وەرگیراوە، بەپێی توانا هەوڵدراوە بۆ ڕوداوەکان بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان، یەکێك لەو سەرچاوانەی کەگرنگی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبو، کتێبی (السيرة النبوية)ی(ابن هشام، مردو لە. ٢١٨ك/ ٨٣٣ز)، کە زانیاری بەسودی لەسەر ژیانی خێڵەکان و بارودۆخی عەرەب تێدایە، هەروەها کتێبی (صفة جزيرة العرب)ی (الهمداني، مردوله. ٣٣٤ك/ ٩٤٥ز)، کە زیاتر لەڕوی جوگرافی وەسفی ناوچەکە سودی لێوەرگیراوە، هەروەها کتێبی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير، ت ٦٣٠هـ/ ١٢٣٨ز)، لە گێڕانەوەی شەڕانگێزی نێوان خێڵەکان سودی زۆرمان لێ وەرگرتوە، هەروەها کتێبی (المقدمة ابن خلدون) لەنوسینی (عبدالرحمن ابن خلدون، مردو لە، ٨٠٨ك/ ١٤٠٥ز)، کە بەڕاستی شیکاری زۆری لەسەر بابەتی دەمارگیری خێڵەکی و

خەسـڵەتی خێڵەکانی عەرەب تێدایە، کە گرنگی تایبەتی بۆ توێژینەوەکەی ئێمە هەبو زۆربەوردی باسی لەژیان و کەلتور و عەقڵیەتی خێڵەکی عەرەب کردوە.
ســـەرباری ئەوەی ســـود لە ژێدەری زانســـتی تایبەت بە بابەتەکەش وەرگیراوە، لەو بوارەدا زیاتر پشـــت بە بۆچون و تێروانینی مێژو نوسـانی عەرەب ببەسـترێت، لەوانە کتێبی (المفصـل فی تاریخ العرب قبل الاسـلام) لە نوسـینی (جواد علی)، کە ژێدەرێکی زۆر گرنگ و بەنرخە بۆ توێژینەوەکە بەوردی باسی لەژیانی کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەب پێش ئیسـلام کردوە، هەروەها کتێبی (قبیلة قریش واثارها فی الحیاة العربیه قبل الاســـلام) لەنوســـینی (خضـــیر عباس الجمیلی)، هەروەها کتێبی (الوسـیط فی تاریخ العرب قبل الاسـلام)، لەنوسـینی (هاشـم یحیی الملاح)، هەروەها کتێبی (الدعوة الاسـلامیة وحیاة البداوة)، لەنوسـینی (شـهله برهان عبدالله)، دەشـێت زۆر سـەرچاوەی دیکەش مابن، کەبتوانرێت ســـودی لێوەربگیرێت و توێژینەوەکە دەوڵەمەندبکەن، بەڵام بەشی زۆری زانیاری ســـەرچاوەکان دوبارەن و هەمان زانیاریان تۆمارکردوە، ئەمانە و چەند سەرچاوەی ژێدەری دیکە کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکراوە.

### تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی شەڕ و ململانێی خێڵەکی عەرب لەپێش ئیسلامدا:

بەگشـــتی لە مێژوی شـــەڕ و ململانێدا هەمیشـــە هۆکار و پاڵنەری جۆربەجۆر بەرچاو دەکەون، کە هەندێ جار فرەڕەهەندن و لەگەڵ ئامانجەکان تێکەڵاوی یەك بون، بێگومان ئەمە بۆ شـــەڕی خێڵەکی و ناوچەیی و ناوخۆیش بەجۆرێك لە جۆرەکان دروســـتە، لەوانە شـــەڕو ململانێی نێوان خێڵەکانی عەرەب لەو نەریتە بەدەرنەبون، کە بەکورتی جێی قســـە لەســـەر کردنن، شـــەڕ بەمانا گشـتییەکەی لە بنەڕەتی زمانی عەرەبیدا وشـەی (الحرب) دەگرێتەوە، ئەویش شـەڕو کوشـتارە لەگەڵ دوژمندا، شـەڕیش وەك جۆرێك لە فێڵ هاتوە، یاخود هونەر و فێڵە (ابن منظور، ١٤١٤ه، ٣/ ٣٨٣)، زۆرجار چەمکی شەڕ بەستراوەتەوە بە چەمکێکی دیکەی سروشتییەوە کە چەمکی ئاشتییە، ڕەنگە وا دەربکەوێت کە ئەو دو چەمکە لە یەکتر جیانەکراونەتەوە، بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە یەکێکیـان بۆ بنیـاتنـانەوە و بنـاغەکردنی پەیوەســـتە بە ئەوی دیکەوە، واتە ناتوانین لە حاڵەتی ئاشـــتی دەربچین مەگەر بە چونە ناو حاڵەتی شـــەڕەوە، ئەویش ناتوانرێت شەڕ بەجێبهێڵێت تەنها بە ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی ئاشتی نەبێت (الزحیلی،١٩٦٢، ٤٦)، دەکرێت شەڕ بەمانا گشـــتیەکەی وا پێناســـە بکەین: بریتییە لە دۆخی نالەباری نێوان دو هێزی ناکۆك یان دو خێڵی بیابانانشـــینی، بەهۆکاری جۆر بەجۆری مادی و مەعنەوی بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکان بە زەبری هێز، شـەڕیش ئامرازێکی سـیاسـییە دوا تیری لەرزۆکی ناوکەوانی سـیاسـییە، کاتێك پەنای بۆ دەبردرێت دوای ئەوەی هەمو ئامرازە سـیاسـی و دیبلۆماسـییەکانی دیکە شـکسـتیان هێناوە (صـفا، ١٩٨٧، ١١)، هەروەها (الحرب) بەمانای شـەڕی دوژمنکارانەی نێوان دولایەن دێت، کە پلان دژی یەکتر دادەڕێژن، هەندێك جاریش بەواتای شـــەڕانگێزی هاتوە (الفیروز أبادی، ٢٠٠٥، ٧٣)، پیاوی بیابانانشـــینی شـــەڕانگێزە زۆرئازایە لەدژی دوژمنەکەی، ئەوان بەهۆکاری بارودۆخی جوگرافیایی و ژینگەیی وایکردبو لەپێناوی ئابوری و بژێوی ژیان شەڕبکەن.
لەڕوی زاراوەییشـــەوە شـــەڕ: بریتییە لەو ململانێیە چەکدارییەی کەلە نێوان کۆمەڵە خەڵکێك یان بنەماڵەیەك یان تیرە و هۆزێك یان دو دەوڵەت ڕودەدات، زۆربەی جار بەهۆکاری ســـیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی ململانێکان دروســـت دەبن، کـە کـاریگـەری و ئـەنجـامی جۆراوجۆر لـەدوای خۆی بـەجێـدەهێڵێـت (الزحیلی، ١٩٦٢، ٧٨)، هەروەك(ئیبن خەلدون) پێیوایە شـەڕو ململانێ خواسـتی تۆڵەسـەندنەوەیە هەندێك لە مرۆڤەکان لە هەندێك مرۆڤی دیکە، بەهۆی دەمارگیری خێڵەکی لایەنگیری لەلایەکیان داوای تۆڵەدەکات و ئەویی دیکە بەرگری دەکات، ئەمە کارێکی

سروشـــتییە هیچ میللەتێك لێی دەرباز نابێت(ابن خلدون، ٢٠١٣، ١/ ٢٧٠-٢٧١)، ئەگەر بەدوای هۆکارەکانی شـــەڕو ململانێی خێڵەکیی عەرەب لەســـەردەمی پێش ئیســـلام بگەڕێین، بێگومان شـــەڕو ململانێی نێوان خێڵەکانی عەرەبیش بەدەرنین لەو گوزارشـــت و خەســـڵەتانە، کە جێی بایەخی توێژینەوەکەن، ســـەرەتاش لەبارەی هەندێك لە هۆکارەکان دەدوێین.

ئەگەرچی زۆرجار هۆکار و ئانجەکان تێکەڵاودەبن یاخود جیاکردنەوەیان ئاســـان نییە، بەڵام بە لێوردبونەوە و لێکدانەوەی بارودۆخەکان بەپێی سروشتی توێژینەوەکە هەوڵدراوە لەیەکدیکەیان جیابکەینەوە و بەجیا باسیان بکەین.

١-هۆکاری کۆمەڵایەتی (سیستەمی خێڵەکی): بۆتێگەیشتن لە سروشتی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە خێڵەکییەکانی هەر کۆمەڵگایەك، گرنگە ئاورێك لە مێژوی پاشـــخانی کۆمەڵایەتی بدرێتەوە، بەتایبەت لەقۆناغی وابەســـتەیی بەخێڵ و زاڵی هەستی خێڵگەری و بەرقەرارنەبونی ســیســتەمێکی ئاینی یەکگرتو، ئەوکات بەپێی سروشــتی هەرنەتەوەیەك ســیســتەمی خێڵەکی دەبێتە بنەمای مامەڵەو هەڵسوکەوت و بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە کۆمەڵگەی عەرەب پێش ئیسلام، کە زیاتر لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەم سروشتە تێیدا زاڵبوە، بەتایبەتی ناوچەی حیجاز، چونکە ئاینی ئیسلام لەوناوچەیە ســـەریهەڵدا، وەکو کەلتورێکی نوێی ئاینی دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵایەتی خێڵەکانی دانیشتوی ناوچەکە، چونکە بەبێ تێگەیشتن لەڕەوشی ژیانی ئەوسەردەمە، ناکرێت لەو هۆکارە نادیارانە بگەین، کە ئەو دیاردە کەلتوریانەی بەرهەم هێناوە، لەبەرئەوە بەکورتی قسە لەسەر ئەم لایەنە دەکرێت.

ئاشکرایە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەنیمچە دورگەی عەرەب خێڵایەتی بوە، بەو واتایەی تاکی خێڵ وابەستەی بۆ خێڵ هەبوە، خێڵ لەو ســەردەمەدا تەواوکەری دەســەڵاتی ســیاسی و پێکهاتەی ســەرەکی کۆمەڵگای عەرەبی بوە، پەیوەندی خوێن و ڕەچەڵەکی خێڵایەتی عەرەبی هۆکارێك بوە، کە خێڵەکانی بەیەکەوە بەســتۆتەوە، لەژێر ســایەی ئەو پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵی ڕێکخســتوە، هەروەها لەســەر بنەمای هاوکاری لەماف و ئەرکدا، لەبواری ســیاسی و کۆمەڵایەتی خێڵی پەیوەســـت کردوە بەخۆیەوە (شریف، ١٩٦٥، ٣٧)، ســیســـتەمی خێڵایەتی لەنیمچە دورگەی عەرەب پێش ســەرهەڵدانی ئاینی ئیســلام لە خێزانەوە دەســتی پێکردوە، خێزان (الاسرة) بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی خێڵایەتی بوە، پاشـــان بۆ بنەماڵە و خانەوادە(تیرە)، لەوێشـــەوە فراوان بوە بۆ خێڵ (قبیلة)(جمعة، ١٩٤٩، ٩١-٩٣)، لەوبارەیەوە توێژەرێك پێیوایە کۆنترین شێوەی خێزان لەلای عەرەب ئەوەیە کە خێزان خۆی دەبینێتەوە لە سەرۆك خێزان (باوك) و ژنی باوك(دایك) لەگەڵ منداڵەکانی (الملاح، ١٩٩٤، ٣٤٩).

کاتێك لەهۆکاری شـــەڕ و ململانێی خێڵەکانی ئەو ڕۆژگارەی نیمچە دورگەی عەرەب دەکۆڵینەوە، زۆربەی شـــەڕەکان بەهۆکاری خێڵەکی (کۆمەڵایەتی)و باڵادەســـتی خێڵ و عەقڵییەتی خێڵەکی و ویســـتی خۆبەگەورە پیشـــاندان لەبەرامبەر خێڵێکی دیکەدا ڕویانداوە، وەك دەبینین زۆربەیان بەهۆی ســـوکایەتیکردنێکی بچوکەوە کە بە پیاوێك یان کەســـێك یا تیرەیەك یا هۆزێك کراوە هەڵگیرســـاون و ئەوکەســـەی ســـوکایەتی پێکراوە خێرا توڕەبوە کاردانەوەیان وەك هەســـتێکی تۆڵەکردنەوە و شـــەڕانگێزی پیشـــانداوە، بەخێرای شـــمشـــێری لەوکەســـە بەرزکردۆتەوە کەســـوکایەتیەکەی پێکردوە و کوشتویەتی، ئیدی شـەڕ و هەرا لە نێوان دو هۆزەکە بەرپا بوە و هەندێك جار هاوپەیمانەکانیشـیان لە هۆزەکانی دیکە بەشداردەبون (ابن خلدون، ٢٠١٣، ١/ ١١٠)، نمونەی ئەو جۆرە شەڕانە لەناو عەرەبدا زۆر بون واتە ڕوداوەکانی تیرەو هۆزەکانی عـەرەب لـە پێش ئیســـلامـدا هـەر وەك (إبن عبدربه م. ٣٢٨ك/ ٩٤٠ز) لـە (أبو عبیدة معمر بن المثنی) دەگێڕێتەوە ئەو ڕۆژانە بە (ایام العرب) ناسراوە، نزیکەی هەشتاو شەش ڕۆژ بوە، لە نمونەی دیارترین جەنگەکانی وەك (قیس و کنـانـة)، (قیس و تمیم)، (البســـوس)ی نێوان (بکر و تغلـب)ی کوڕی وائیل، کەنـاسراون بـە (الفجـار) (ابن عبدربه، ١٩٩٩، ٥/ ١٣٣-١٦٠)، هەرلەم باریەوە (الالوسي) ئاماژەی کردوە بەڕۆژەکانی عەرەب، کە بریتین لەو ڕۆژانەی

کەتیایاندا جەنگی ماڵوێرانکەر و خوێناوی لە نێوان هۆزەکانی سەردەمی پێش ئیسلامدا بەرپابوە،کە هەزار و حەوت سەد ڕۆژ بون(الالوسي، ١٣٤٢هـ، ٢/ ٦٨)، هەرچەندە ئەو ژمارەیە ڕەنگە زیادەڕەوی تێدا کرابێت، مەرج نییە ئەو شـــەڕانە هەموی لەنێوان خێڵەکان ڕویدابێت جاری واش هەبوە لەنێوان خێڵەکانی ناوچەکەو فارســـەکان ڕویداوە وەك پێغەمبەر(ﷺ) لەوبارەیەوە دەفەرموێت: (ثم أخرجه البخاري من طريق خليفة بن خياط وجعل اســـمه مقلوباً هكذا (يزيد بن بشير) في التاريخ الكبير ح ١٠١٩: قَالَ لَنَا خَلِيفَةُ بْنُ خَيَّاطٍ، نَا مُحَمَّدُ بْنُ سَوَاءٍ، قَالَ: نا الأَشْهَبُ الضَّبْعِيُّ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ بَشِـيرٍ الضَّـبْعِيِّ، وَكَانَ قَدْ أَدْرَكَ الْجَاهِلِيَّةَ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ يَوْمَ ذِي قَارٍ: " الْيَوْمَ انْتَصَـفَ الْعَرَبُ فِيهِ مِنَ الْعَجَمِ)(البخارى، ٢٠١٢، ح١٠١٩)، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە شەڕی نێوان خێڵە دەوارنشینەکان کە بەهۆی ئەم کۆمەڵگەراییەوە ڕودەدەن، دو جۆربون: یەکێکیان بە (المنافره- دەمەقاڵێ و شـــەڕەجوێن) ناودەبرێت، قەتیس دەبێت لەجنێودان و وتنی هۆنراوەی داشـــۆرین (هەجو) بەیەکتر کە لە کەلتوری کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەب لەپێش ئیسلام باو بوە، بەتایبەت لەبازاڕە وەرزییەکان سەکۆی شیعر خوێندنەوە هەبو بۆ پیاهەڵدان بە خێڵ و سەرۆك خێڵ، ئەو شیعرەی لەبازاڕی (عكاظ)[i]، لەلایەن خەڵکەوە پەسندبکرایە دواتر بەدیواری کەعبەوە هەڵدەواسرا کە لەنێو عەرەبدا ناسراوە بەشـیعری (معلقات) لەنمونەی شـیعری شـاعیرانی وەك (امرؤالقيس، زهير بن أبى سـلمى، عنترة بن شـداد، عمرو بن كلثوم، لبيد بن ربيعة)(ابن عبدربه، ١٩٩٩، ٦/ ١٨-١٩؛ الزيات، ١٩٦٠، ٢٨-٣٠)، هەروەها بەشـێکی دیکە لە شـاعیرەکانی سـەردەمی پێش ئیسـلام ناودەبرێن بەشـاعیرەکانی (بێوار)(صـعاليك)[ii]، کە (احمد امين) ناویان دەبات بە گەڕیدە بێلانەکان یان (بێوارەکان)، لەوانە: (عروة بن الورد، سليك بن السلكة، الشنفرى، تأبط شرا) هەروەها پێشیان دەگوترێت گورگەکانی بیابان، چونکە وەکو گورگ بەخێرایی لە تاڵانکردن بەناوبانگ بون، بەڵام ئەوان سەرەڕای هەژارییان زۆرمەرد بون، شـــتێکی دیکەی کەدەیانکرد، پێکهێنانی کۆمەڵەیەك بو لەهەژاران کە ئەو ماڵ و تاڵانیەی لەدەوڵەمەندەکانەوە دەستیان کەوتوە بەیەکسانی بەسەر هەژارەکاندا دابەشیان دەکرد(أمين، ٢٠١٢، ١٢).

دەتوانرێ بوترێت کەلتوری خێڵەکی لەبیاباندا شوێنی دەوڵەتی گرتۆتەوە، تاك ئاسایش و دڵنیایی و چاودێری بۆ خۆی تیا دەبینێتەوە، خۆ ئەگەر کەسـێك لەبیاباندا سـەربەخێڵ و تیرەیەکی بەهێزنەبێت ئەوا دواجار لەناودەچێت، ئەگەرچی خودی خۆی ئازاو بەهێزیش بێت(حتي، ١٩٦٥، ١/ ٢٦-٢٧)، کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی دیکەی شـــەڕی خێڵەکی خولقاندوە، چونکە خێڵیش خۆی بە چەتری پارێزەر و کۆکردنەوەی ئەندامانی دەزانی، ئەندامانی خێڵیش جەنگاوەر و هێزی مرۆیی بەردەستی بون، تا وەکو لەتەنگانەو مەترسیدا هاو سوێ و هەستی دەمارگیری زیاتر بەیەکیەوە دەبەستنەوە بۆ شـــەڕکردن و بەرگری کردن لە یەکتر، کە دیارە بەهێزی و هەژمونی خێڵیش لەو قۆناغەدا تارادەیەکی زۆر بەژمارەی جەنگاوەرانیەوە وابەستە بوە، هەروەها جۆرێکی دیکە ناو دەبرێن بە (اليوم)، کە تیایدا زۆربەی جار شمشێر لەبری زمانی گفتوگۆ بەکارهاتوە (وەردی، ٢٠١٧، ١٠٦)، هەر ئەمەش وایکردوە لەو ڕۆژگارەدا ئەو مێژوە دروســـتبێت کە پێیوتراوە (أيام العرب)، ئەویش چوار جەنگ بون، هەواڵزانان (ئەخبارییەکان) ناوی (حرب الفجار) یان لە هەر چواریان نابو لەو مانگانەی کەشـــەڕی تێدا قەدەغە و حەرامکرابو، بەپێچەوانەی ئەو نەریتەی لەنێو خێڵە عەرەبیەکاندا چەســـپابو (ابن هشـــام، ٢٠٠٤، ١/ ١٥٠؛ عبدالكريم، ٢٠٢٣، ١١٣)، ئەوان جاری وا هەبوشـــەڕیان دەکرد دەســـاڵ زیاتر بەردەوام دەبون، بۆ نمونە یەکەمیان شـــەڕ لەنێوان کنانە و هوازن، دوەمیان شـــەڕ لەنێوان قورەیش و کنانە، ســـێیەمیان شـــەڕ لەنێوان کنانە و بەنی نضـــیر بن معاوية، چوارەمیان شـــەڕ لەنێوان قورەیش و کنانەدا پێکەوە و هوازن دا، هەروەك ئاماژەکراوە ئەو شەڕانە بیست و پێنج ساڵ پێش هاتنی بانگەوازی ئیسلام لەلایەن پێغەمبەر(ﷺ) بوە، ئەوکات تەمەنی

پانزده ســاڵ بوه (شــەڕی فجار لەنێوان قورەیش و هوازن دا چوار ســاڵ دەخایەنێت و هەرکاتێکیش عەرەب لەبازاڕی(عكاظ) کۆببونايەتەوه دوباره شــەڕ دروســت دەبوەوە (إبن هشــام، ٢٠٠٤، ١/ ١٥٠-١٥٢)، لەوبارەيەوە توێژەرێك پێیوایه هۆکارێکی دیکەی ســەرەکی ئەم شــەڕانە لەکەلتوری خێڵەکی عەرەب دا دەگەڕێتەوە بۆ هەســتی خۆبەگەورەزانینی هۆزێك لەبەرامبەر هۆزێکی دیکەدا، یان وابەســتەی تاك بەدەمارگیری خێڵەکی کە خۆی دەکردە قوربانی بۆ خێڵەکەی(علی،٢٠٠١، ١/ ٢٧٤). بەهەرحاڵ بیاباننشــینەکان زمانیان وەك چەك و ئامرازێکی گرنگی شــەڕ ســەیر کردوه و بەکاریانهێناوە، لەوانەشــە لەشــمشــێر کوشــندەتر و بەزەبرتر دابنرێ لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا، ئەوان هەندێك جار بەزمان و هەندێك جاریش بەشمشێر شەڕیان کردوە، زۆربەی جاریش لەیەك کاتدا هەردو چەکەکەیان لە دژی یەکدیکە لە شــەڕدا بەکارهێناوە(ابن خلدون، ٢٠١٣، ١/ ٣٥٦-٣٥٨)، لە کاتێکدا ئەوان کەخوێن بە وشــتر و شــیرەکەیان دەگۆڕنەوە، چونکە خوێن تاکە چارەســەرە بۆخێڵەکییەکان، وەک ئەوە وابێ ڕشــتنی بوێتە یەک لە غەریزەکانیان کە ناتوانرێت لێیان دوربخرێتەوە، ئەمانەش لەبنەڕەتدا دەچنە چوارچێوەی شــەڕێك کەبەجەنگی دەرونی ناسراوە (شەڕی بێدەنگ)، چونکە جەنگی دەرونی لەدوا هەنگاودا تەواوکەری جەنگی چەکدارییە و بەشـداریيەکی زۆری کردەوە سەربازییەکان و شێوازەکانی ململانێ دەکات لە پێناو بەدەستهینانی بەپەلە و خێرای سەرکەوتنەکان بەکەمترین زیان(زەینەڵ، ٢٠٠٨، ٣٤)، لەوبارەیەوە شاعیری (بێوار)(الصعلوك) تابط شرا دەڵێت:

(قَليلُ غِرارِ النَومِ أَكبَرُ هَمِّهِ ... دَمُ الثَأرِ أَو يَلقى كَمِيّاً مُقَنَعا) (المرزوقی، ٢٠٠٣، ٣٥٠؛ ضيف، ١٩٦٠، ١/ ٦٣).

واتا (ئەوەی کەم بخەوێت، گەورەترین خەمی تۆڵەســەندنەوە یان تۆڵەســەندنەوەیەکی قەناعەتبەخش بەرەوڕوی دەبێتەوە)، بەلای ئەوانەوە دەبو بژێوی و نان بەزەبری شمشێر و هێرشکردن پەیدا بکرێت، بۆیە هێرش و (دەستکەوتی شەڕ) و تاڵانی بەکارێکی جوامێرانە دادەنرا و بەشێکی گرنگی کەلتورەکەیان بوە.

هەروەها هۆکاری تاکەکەسی و میزاجی هەبوە، جاری وا هەبوە کەســێکی خێڵەکی بێ بایەخترین کاری ئەنجام داوە تەنها لەبەر ئەوەی خۆی هەڵبکێشـێو شـەڕ بەکەسـێك بفرۆشێ لەبەرامبەردا خێڵەکیەکی دیکە بۆ سـەلماندنی خۆی و هێزو توانای بەرەنگاری ئەو مەیدانخوازییە بۆتەوە، هەڵی کوتاوەتە سـەر ئەو کەسـەی خۆی هەڵکێشـاوە، وەك ئەوەی دەگێڕنەوە خێڵەکیەك لەبازاڕێکی سـەردەمی پێش هاتنی ئیسـلام، دانیشـتوە، قاچی درێژکردوە، هاواری کردوە وتویەتی: "کەس ناتوانێت قاچم لابدات" کەســێکی دیکەی خێڵەکی هاتوەو خێرا پەلاماری داوە و بەشــمشــێرێك قاچی بڕیوەتەوە(عبدالكريم، ٢٠٢٣، ٤٢٤-٤٢٦؛ وەردی، ٢٠١٧، ١٠٨-١١٠).

ململانێی خێڵەکی هۆکار و ڕەگەزێکی دیکەی کەلتورەکەیان بو، ئەم جۆرە شــەڕە، کە مێژونوســانی عەرەب بە (أيام العرب) [iii] ناویان بردوە، بەڕادەیەك خوێناوی بوە، کەجاری وا هەبوە دو خێڵ یان زیاتر، لەســەر شــتێکی زۆر بچوك و بێبایەخ بەشـەڕ هاتون بەدرێژایی دەیان سـاڵ کوشـتاریان لە یەکدیکە کردوە، بۆ نمونە شـەڕی (البسـوس) کەلەنێوان خێڵی (بكر و تغلب) ڕویداوە(ابن هشــام، ٢٠٠٤، ١١٠؛علی، ٢٠٠١، ٨/ ٢٠١٧؛ ضــیف، ١٩٦٠، ٦٦)، _ئەگەر لەهۆکارەکەی ورد بینەوە تەنها لەســەر خۆهەڵکێشــانی پیاوێکی هۆزی بکر بەناوی وائل، تیرێکی لەگوانی وشــترێکی تەغلەب داوە خوێن و شیر تێکەڵ بەیەك بوە و لەئەنجامدا کوشتویەتی، لەبەرامبەر ئەمەدا (جساس) کەلەخێڵی تغلب بوە، خوشــکەکەشی هاوســەری وائل بوە، بەڵام لەبەر ئەو پەیمانەی کەهەردوکیان دابویان، بەوەی وائل وتویەتی (ئەگەر ئەو وشترە بێتە ناو لەوەڕگای وشترەکانم ئەوا دەیکوژم (جساس) وتویەتی: منیش تۆ لەجیاتی وشترەکە دەکوژم)، بێگومان بەهۆی دەمارگیری خێڵەکی یەوە هەردوکیان بەڵێنی خۆیان بردۆتە ســەر و ئەوکارەیانکردوە، لەئەنجام دا بەهۆی لەوەڕگاوە وشــترێك کوژراوە، بەهۆی وشــترێکەوە پیاوێك کوژراوە، بەهۆی کوژرانی پیاوێکیش چەندین پیاو

لەدوایی کوژراوە، هەروەك ســـەرچاوەکان باســـیان کردوە دەمارگیری خێڵەکی وای کردوە لە ئەنجام دا بەهۆی ئەم ڕوداوەوە بۆماوەی چل ســـاڵ شـــەڕ لەنێوان ئەم دو خێڵە بەردەوام بوە هەزاران بریندارو ســـەدان کوژراوی لێ بکەوێتەوە(ابن الاثیر، ٢٠٠٥، ١/ ٤١٠-٤٢٤؛ النویری، ١٤٢٣، ١٥/ ٣٩٧-٣٩٨؛ ضیف، ١٩٦٠، ٦٥-٦٦). _هەروەها بەوێنەی ئەمە دەکرێت، لەبارەی شـەڕی خێڵەکی (داحس والغبراء)هوە هەمان شـت بڵێین، لەکۆتاییەکانی سـەردەمی عەرەب پێش ئیســلام، ئەم کێشــەیەش هیچی لەجەنگی (البســوس) کەمتر نەبو، هۆکاری ڕاســتەوخۆی ئەمیشــیان پێشبڕکێی ئەسپسواری لەنێوان ئەسپێکی(عبسی) و ئەسپێکی (زوبیانی) بو، لەوکاتەدا مشتومڕو دەمەقاڵێ لەنێوان خاوەن ئەســپەکان دروســت دەبێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی خێڵەکانیان و هاوپەیمانەکانیشــیان بکەونە شــەڕێکی خێڵەکی درێژخایەنی ســەختەوە نزیکەی چل ســاڵی خایاندوە، (ابن الاثیر، ٢٠٠٥: ١/ ٥١٢؛ النویری، ١٤٢٣: ١٥/٣٥٦-٣٥٧؛ وەردی، ٢٠١٧، ١٠٨). کەبە بڕوای توێژەرانی بواری مێژوی خێڵەکی هیچی کەمتر نەبو لەشــەڕی (البســوس) (علی، ٢٠٠١، ١٠/ ٦٨)، هەرلەم بارەوە شاعیری سەردەمی جاهیلی زهیر بن ابی سلمی دەڵێت:

تدراكتما عبسًـا وذبيان بعدما ... تفانوا ودقوا بينهم عطر منشـم (الثعالبي، ١٩٨٥، ٣٠٨؛ الزيات، ١٩٦٠، ٥٤)، وەك دەبینین لە کەلتوری کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەبدا چیرۆکی ســوارچاکی لەم جۆرەمان زۆرن دەکرێ ناوی بنێین بە داستانی (ئیلیادە)ی گەورەی عەرەب(قاسم، ٢٠٠٨، ٥٩٠).

لەم کۆمەڵگا خێڵەکییەدا کەشـــەڕ و پێکدادان و تاڵانی گرنگترین ڕەگەزی کەلتورەکەی بو، هەرئەمەش بو وایکرد داگیرکردن و تاڵانکردن بە یەکێك لە پێکهاتە ســـەرەکیەکانی بیاباننشـــینی هەژمار بکرێت، لەم بارەوە(فلیپ حتي) گوتویەتی (غەزا و تاڵانی سودی بۆ ژیانی بیاباننشین هەبوە لە بیاباندا، چونکە ئەو کوشت و کوشتارەی ئەنجام دەدرێت تیایدا، ژمارەی نان خۆرەکان کەم دەکاتەوە، دانیشــتوانی بیابان لەژیانی ئاســایی ســەختی خۆیاندا هەمیشــە لەلێواری برسیەتین، لەبەر ئەوە شـەڕکردن لای ئەوان وەك حاڵەتێکی هزری درێژخایەنی لێهاتوە، شـەڕکردن لەبیاباندا ئاسودەیی و دڵنیایە بۆ ڕێگریکردن لە زیادبونێك لەسەروی ئاستی پێویستی دەرامەتە کەمەکەیانەوە بوە(حتي، ١٩٤٩، ١/ ٢٥).

هەرلەم بارەیەوە یەکێك لەشاعیرانی ئەو قۆناغە لە ستایشی خێڵەکەیدا وتویەتی:

قومٌ إذا نَبَتَ الربيعُ لهم ... نَبَتَتْ عَداوَتُهُمْ مع البَقْلِ(الجوهري، ١٩٨٧، ٣٧٠).

واتە: قەومێك لەگەڵ ژیانەوەی گژوگیای بەهاردا، دوژمنایەتیان تێدا دەڕوێتەوە.

جێگای ئاماژەیە لەکەلتوری خێڵەکیدا ئەو سـوکایەتیە بچوکەی، کەدەبێتە هۆی هەڵگیرسـانی ئەو شـەڕو کوشـتارانە وەك ئەو چەخماخەی ئاگرەیە کە دەکەوێتە ســـەر بەرمیلێکی پڕ لەباروت، ناخی بیابان نشـــین هەردەم ئامادەیە بۆ پێکدادان و شـــەڕ و تاڵانی، وەك ئەو باروتەی ئامادەیە بۆ تەقینەوە، تەنها پێویســـتی بە چەخماخەیەکی بچوکی ئاگرە تا گڕبگرێت و تەڕو وشك پێکەوە بسوتێنێت(وەردی، ٢٠١٧، ١٠٨).

زۆربەی کات خۆشـــیان نەیان زانیوە لە پێناو چی دەجەنگن و بۆچی شـــەڕیان کردوە، جاری واش هەبوە شـــەڕێکیان هەڵگیرســـاندوە چەندین کەسی تێدا کوژراوە، هەندێکجاریش کەســـێکیان بێ بەری کردوە لەخێڵەکەیان جا بەهەر هۆکارێك بوبێت نەیان هێشـــتوە، نەك لەناو خێڵەکە، بەڵکو لەنزیکترین ناوچەش کەلێیانەوە نێزیکە بژێت، کەچی کاتێکیش لەدەرەوەی خێڵەکە کارێکی خراپی ئەنجام داوە، ڕوی کردۆتە لای خێڵەکەی و داوای یارمەتی و بەهاناوە چونی کردوە، وەك ئەوەی پێشـتر هیچکارێکی خراپی نەکردبێت و دەریشـیان نەکردبێت لەخێڵەکەیان، زۆربەگەرمو گوڕیەوە پێشـــوازیان لێکردوە، لەنمونەی ئەوە پیاوێکی خێڵەکی بەناوی(البرازي بن قیس) کەلەخێڵی کینانە بوە، پیشـــتر بەهۆی خراپە کاریەکانیەوە لەخێڵەکەی دەرکراوە، ناچار ڕۆیشـتوە بۆلای (نعمانی بن مونذر) لەغەسـاسـینە و ئەویش داڵدەی

داوه، جارێكیان كەوتۆتە ململانێ لەگەڵ پیاوێك بەناوی(عروه بن عوتبه) له خێڵی قەیســیەكان لەســەر گەیاندنی كاروانێكی بازرگانی نوعمان بۆبازاری (عكاظ)، لەئەنجامدا نوعمان كاروانەكەی بەعروه ســپاردوه، (البرازي بن قيس) ســوێندی خواردوه عروه بكوژێت، ڕێگای لێگرتوه و كشــتویەتی، پاشــان هانای بردوه بۆخێڵەكەی خۆی، ئەوانیش پشــتگیریان لێكردوه، لەئەنجامدا شــەڕی فجاری دوەم لەنێوان كینانەو قەیســیەكان هاتۆتەكایەوە بەهۆیەوە چەندین كەس لەنێوان هەردولادا كوژراوە(ابن هشام، ٢٠٠٤: ١/١٥٠-١٥٢؛ ابن الاثير، ٢٠٠٥: ١/٥٢٨-٥٢٩).

جێگای ئاماژەیە ئەم كەلتوری شەڕانگێزی و دەستدرێژی و پەلاماری یەكتر نەریتێكی باوی سەردەمی پێش ئیسلام بوە، هۆزەكان بەردەوام لەدژی یەكدی لەشــەڕدا بون و شــەڕ بەشــێك بوە لەیاســای هۆزایەتی، بەشی زۆری پەیوەندیە هۆزایەتییەكان لەو ســەردەمە لەســەر بنەمای دوژمنایەتی ڕێكخراوە، یان پەیمان بەســتن لەســەر بنەمای یارمەتیدانی نێوانیان، گرنگ نەبوە ئەو شــەڕە زۆرداری بێت یان زۆرلێكراو، بێ ئەوەی دەزگایەك یان حكومەتێك هەبێ ئەو پەیوەندییەی ڕێكخستبێت، بەڵكو بەتەنها یاسای تۆلەسەندنەوە بەركار بوە(عبدالله، ٢٠٠٨، ٣٠)، وەك (غۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: نیمچە دورگەی عەرەب پێش دەركەوتنی (محمد) (ص)بەهۆی سروشــتی شــەڕانگێزانەیان، مەیدانێكی فراوانی هەمیشەیی شەڕ و ململانێی خێڵەكی بوە(لوبون، ١٩٩١، ١٢٨).

وەك دەبینین هەرخێڵێك خودپەرســتی و خێڵچیەتی خۆی دەنواند بەرامبەر بەخێڵێكی دیكە، ئەوان شــەڕی یەكتریان دەكرد، تالانی و كوشتن و بڕین تایبەتمەندی خێڵە سەركەوتوەكان بو لەكاتی پەلاماردانی یەكتر، دەستیان بەسەر زەوی و ســامانی یەكتردا دەگرت و ژن و پیاو منداڵیان بەكۆیلە دەبرد(الرصــافي، ٢٠٠٢، ٢٨٩). لەو بارەوە (عمرو بن كلثوم) لەدێرە شعریكدا ئەو نەریتەی عەرەبەكانی دەرخستوە و دەڵێت:

" وَآبوا بِالنِهابِ وَبِالسبايا ... وَأُبنا بِالمُلوكِ مُصَفَّدينا " ((القرطبی، ١٩٦٤، ١/ ٤٣٠؛ علي، ٢٠٠١، ٦/ ٤٥).

دەكرێ بوترێت ئەو كەلتورە شــەڕانگێزیەی بۆماوەیەكی درێژ لەناو ناخی تاكی خێڵ دا جێگیر بوە پەیرەوی لێكردوە، هەرچەندەبەپێی زەمەن گۆڕانكاری لە عەقڵیەتی خێڵەكیدا ڕویداوە، بەڵام تاك (تەنانەت تا ئەمرۆش) هەر لەژێر كەلتورو نەریتی خێڵدا ماوەتەوە وەكو جەنگاوەر وابەستەی فەرمانەكانی سەرۆك خێڵ بوە.

٢-هۆكاری جوگرافی و سەختی ژیان و پەیداكردنی بژێوی:

ئاو هەواو ژینگە كاریگەری گەورەی لەسەر دابەش بونی شوێنی ژیانی مرۆڤەكان لەسەر گۆی زەوی هەبوە، هەر ئەم كاریگەریەش وای كردوە چەند شێوازێكی ژیانكردن بێتە ئاراوە وەك (بیابان نشینی و شارنشینی)، كە زۆر بەڕونی هەردو شێوازی ژیانكردن له نیمچه دورگەی عەرەبی دەبینرێت، بەتایبەت ژیانی بیابانشینی كاریگەری گەورەی لەسەر كەلتوری شەڕانگێزی خێڵەكی عەرەب لەســەردەمی پێش ئیســلامدا هەبوە، تا ئەو ئاستەی كە ژینگەی بیابانشینی كاریگەری دیاری لەســەر مرۆڤەكان جێهێشــتوە، ڕەنگدانەوەی ئەو كاریگەرییەش بۆ ژیانی شــارنشــینی عەرەب لەنیمچەدورگەی عەرەبیدا گواســتراوەتەوە(عبدالله، ٢٠٠٨، ١٧)، بەگوێرەی هەڵكەوتەی جوگرافی نیمچە دورگەی عەرەب دەكەوێتە ئەوپەڕی باشوری ڕۆژئاوای كیشوەری ئاسیا، له ڕۆژئاواوە دەریای سور و نۆكەندی سوێسە(نیمچە دورگەی ســیناء)، لە باكورەوە وڵاتی شــام و ڕوباری فوڕات بوە، لە باشــوریەوە زەریای هندی و دەریای عەرەبی و لەڕۆژهەڵاتیەوە كەنداوی عەرەبی(خلیجی فارس)(اليعقوبی، ١٤٢٢ه، ١٧٨؛ أمين، ١٩٦٩، ٢٣)، هەر ســەبارەت بەناوزەندكردنی شــوێنەكە، كە(الهمداني) بەدورگەی عەرەبی ناوزەند كردوە، پێیوایە تارادەیەك لەچوارلاوە بە ئاو دەورە دراوە، لای ڕۆژهەڵاتی كەنداوی عەرەب، دەریای ســور لەلای ڕۆژئاوای، لەباشــورەوە دەریای عەرەب و لەباكوریش

ڕوباری فورات(الهمداني، ١٨٨٤، ٨٤)، بەو پێیەی لەڕوی پێکهاتەی زەوی، زۆربەی زەویەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بیابانی وشك و ڕوتن(الاصطخري، ٢٠٠٤، ٢٣)، هەر بۆیە ئاو وهەوای نیمچە دورگەی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی ئاو و هەوایەکی بیابانی وشکە، پلەی گەرمای لەڕۆژدا زۆربەرزە لەشەویشدا نزم دەبێتەوە، هەندێکجار لەکەنارە ئاوییەکان، ناوبەناو باران دەبارێت، ڕێژەی بارینەکەش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر جیاوازە و دەگۆڕێت، بۆ نمونە بارانە وەرزیەکان بەشێوەیەکی ڕێك لەیەمەن و ڕۆژهەڵات و عومان و عەسیر دەبارێت و بەشێوەیەك بەشی کشتوکاڵ دەکات، بەڵام بەشێوی پچڕپچڕ لە حیجاز دەبارێت ئەمەش دەبێتە هۆی کۆبونەوەی ئاو لەدۆڵەکان و مێرگەکان و دەبێتە هۆی سەوز بونی گژوگیا وەرزیەکان بۆ مەڕوماڵاتەکانیان(البلاذري، ١٩٨٧، ٧١-٧٣؛ الملاح، ٢٠٠٨، ١٧-١٨؛ محمود، ١٩٩٥، ١٧)، دەگونجێت ئەو ژینگە سروشتی و هەڵکەوتە جوگرافییە کاریگەری لەسەر پەروەردەی تاك لەناو خێزان و خێڵی عەرەبدا هەبوبێت، کە بەژینگەی بیابان ڕابێت و دڵڕەق و جەربەزە و دەرونێکی شەڕانگێزی بۆ دروستکردوە، چ جای ئەوەی لە پێناو بژێوی و دەستخستنی دەستکەوتدا سڵ لە جەنگ و کوشتن نەکردبێتەوە، ئەو نمونانەی خرانە ڕو بەشێکیان هەر ئەوەیان لێدەخوێنرێتەوە.

جێگای ئاماژەیە فراوانی بیابانی نیمچەدورگەی عەرەبی، کاریگەری لەسەر نەبونی کشتوکاڵ هەبوە، بۆیە لەبەشی زۆری مێرگەکانی بیاباندا، دانیشتوانەکەی خەریکی بەخێوکردنی حوشتر و مەڕوماڵات بونە، هۆزەکانیش بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان و پێداویستی لەوەڕگا، لەشوێنێکی دیاریکراو جێگیر نەدەبون و بەردەوام لەشوێنێك بۆشوێنێکی دیکە کۆچیان کردوە(ابن خلدون، ٢٠١٣، ٣١٢-٣١٣)، لەوبارەیەوە توێژەرێك پێیوایە هەرچەندە ناکرێت ژینگەی سروشتی تاك ڕەهەندانە بکرێتە بزوێنەری سەرەکی ڕوداوەکان و ڕۆڵیی سەرەکی پێببەخشرێت، بەڵام فاکتەری جوگرافی، کاریگەری گرنگی هەیە، بۆ شرۆڤەکردنی بابەتێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی لەو شێوەیە(نادر، ٢٠٢٣، ٦٢)، هەر لەو سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی هەڵوەستە لەسەر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەهەندە بکرێت و کاریگەرییەکانی بخرێتە ڕو لەسەر دیاریکردنی شێوازی ڕەفتاری تاك و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوەکان، بەتایبەتی بارودۆخی جوگرافی و ژینگەی سروشتی نیمچە دورگەی عەرەبی، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر ڕەفتار و ئاکار و سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە، وەك ئیبن خەلدون جەخت لەوە دەکاتەوە، مێژو تەنها هەواڵی ڕابردو نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی ڕوداوەکان و هۆکار و ئامانجەکانی(ابن خلدون، ٢٠١٣، ١/ ١٣)، واتا ژینگەی سروشتی کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و شارستانییەتی دانیشتوانی نیمچە دورگەی عەرەبی هەبوە، لەو گۆشەنیگایەوە هەوڵدراوە ئەو دیاردەیە بخەینەڕو لەسەر دیاریکردنی شێوازی ڕەفتاری تاکی بیابانشینی ئەو ناوچەیە.

هەرسەبارەت بە هۆکار و خەسڵەتی ژیانی بیابانشینەکان، ئەوان هۆزێکی کۆچەری بون و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە دوای پێداویستی لەوەڕگە و ئاودا بۆ مێگەلەکانیان ڕۆیشتون، سروشت ئەوەیە کە بیابانشینەکان ناچار دەکات ئەم ژیانە بپارێزن، ژیانی بیابانشینی ژیانێکی دژوار و سەخت بوە، بەڵام بەو پێیەی زۆرترین ڕێژەی ئازادی بەهرەمەندە، لە هەمو ژیانێکی شارستانیەتیدا پێی باشترە، ئەم ژیانە زبرە وایکردوە هۆزەکان لەسەر لەوەڕگە و ئاودا شەڕ بکەن، هەر ئەوەش بوە هۆی ئەوەی گومانی لێبکەوێتەوە، لە سروشتی خۆیاندا زاڵن وەک دوژمنێک سەیری ئەوانی دیکەی کردوە، کە هەوڵی داوە ئەوەی لە دەستیدایە بیگرێت یان لەوەڕگەی بێبەش بکات(علی، ٢٠٠١، ١/ ٢٧٤)، زۆرکات لەوەڕگاکانی بیابان کەم و بێ بەروبوم بون، بەشی پێداویستی ئەو ڕێژە لەدەوار نشین و کۆچەریانەی نەکردوە کەبەسروشتی خۆیان لەزیادبونێکی بەردەوامدان، ڕەنگە دروست بێت بڵێین بیابانشینەکان لەخەڵکی دیکە زیاتر زاوزێ دەکەن و زۆر دەبن، دەشێ هۆکارەکەی بدەینە پاڵ ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی دەرد و پەتا و نەخۆشی لەبیاباندا کەمە، هەر لەبەر ئەمەش

ڕێژەی مردنە سروشـــتیەکان تیایدا لەناوچەکانی دیکە کەمترە کە بێگومان ئەمەش کاریگەری ژینگە و سروشـــتی ژیانی ناوچەکان بە بەراورد بەشـارەکان پیشـاندەدات، کەسـەرچاوەی نەخۆشی و مردنن(ابن خلدون، ٢٠١٣، ٣٣١/١-٣٤٠؛ وەردی، ٢٠١٧، ٨٠)، هۆکار و شـوێنی سـەرهەڵدانی کێشـەکەش ئێرەیە!، بیابان نشـینەکان نەوە دوای نەوە ژمارەیان زۆرتر دەبن، بەڵام لەوەڕگاکانیان زیاد ناکات، ئەو لەوەڕگانە پشت بەباران دەبەستێت، بارانیش لەبیاباندا کەم و دەگمەنە، چونکـە ڕادەی بـاران بـارین، دابـەش بون و دەوڵـەمـەنـدی لـەوەڕگاکـان دیـاری دەکـات(الهمـداني، ١٨٨٤، ١٥٩)، کەشـوهەوای ناوچەکەش کاریگەرییەکی سروشـتی لەسـەر ژیانی خەڵکەکەی هەبوە، چونکە هەر ئەوەیە کە یاسـاکانی بژێوی ژیانیان و سیستەمی کۆمەڵگاکەیان بۆ بەرهەم دەهێنێت(ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢٠٧/١) هەر بۆیە نیمچە دورگەی عەرەب ناوچەیەکی وشـــک و بێ بەرهەمە، بە دەگمەن هەندێك ناوچەی بە باران و کانیاو و بیر بەختەوەر بوە، بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی وەرزی گونجاو و لەبار نەبوە، هەر وەك بۆ ژیانی شارنشینیش نەگونجاو بوە (عبداللە، ٢٠٠٨، ١٨).

لێرەوە دەرکێ بڵێین بەشـێکی خەڵکەکەی بە سروشـت بیابانشـین و کۆچەری بون و لە خێوەتدا دەژیان کەبە (اهل وبر) ئاژەڵیان دەلەوەڕاند و گۆشـت و شـیرەکانیان خواردوە، ئاشـکرایە کە بیابانشـینی لە مێژوی کۆندا تایبەتمەندییەکی خێڵەکی عەرەب بوە(ابن خلدون، ٢٠١٣، ١/ ٣٤١؛ الزيات، ١٩٦٠، ٨)، هەروەها بەشـیکی دیکە لەشـار دەژیان وەك (مككه، يثرب، طائف)، هەروەها بونی دۆڵ و شیوەکان یارمەتی خەڵکی ناوچەکەی دا بۆ ئەوەی بتوانن کشتوکاڵ بکەن، بۆیە زەوی بیابـان ڕۆڵی گەورەی هەبو لە دیاریکردنی ژیـانی مرۆڤ لە نیمچە دورگەی عەرەبیـدا، چونکە بونی ئـاو لە هەندێک ناوچەدا یارمەتیان دەدا بۆ نیشـــتەجێبون، کەشـــوهەوا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە لە دیاریکردنی ژیانی مرۆڤ لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا(ابن خلـدون، ٢٠١٣، ٣٤٠/١)، لەبەرئەوەی ئەو نـاوچـانەی بـارانبـارینی بـاشـــیـان هەبوە ئاسـانکاری بۆ پراکتیزەکردنی کشـتوکاڵ کردوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سـەقامگیری و سـەرهەڵدانی ژیانی شـارنشـینی، بەڵام ئەو ناوچانەی کە بارانی لێ نابارێت، یان زۆر کەم باران بون، دانیشـــتوانەکەیان ناچار بەردەوام بەدوای لەوەڕگا و ئاودا ببزوێن بۆ وشـتر و ئاژەڵەکانیان، بۆیە بونە کۆچەری(عبداللە، ٢٠٠٨، ١٧)، هەروەها بونی سـەرچاوەکانی وەك کانیاو و بیر کاریگەری لەســـەر ئەم جوڵانەوەیە هەبوە، چونکە بیرەکان بەکلیلی ڕێگاکانی ناو بیابانەکان دادەنرێن و ســـەرچاوەی ئاوی کاروانی کۆچەرییەکانن، لەبەرئەوە ڕۆڵێکی گەورەیان لە دابەش بونی کۆمەڵە کۆچەرییەکانی ناو بیابانەکاندا هەبوە(البرازي، ١٩٦٥، ١١٥)، هەرئەمەش بۆتە نەریتی خێڵەکان کە ئەو زەویانەی وشتر و ئاژەڵەکانیان لێدەلەوەڕاند بە موڵکی خۆیان بزانن و بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی خۆیان ڕێگەیان نەدەدا هۆزەکانی دیکە لێیان نزیک ببنەوە، زۆرجار خێڵێک هەســـتی بە هێزی خۆی دەکرد و بەبێ ئاگادارکردنەوە هێرشی دەکردە ســـەر هۆزێکی دیکە و دەســـت بەســـەر لەوەڕگە و ڕێڕەوی ئاوی خۆیدا گرتوە(علی، ٢٠٠١: ١/ ٢٧٤)، ئەمە دۆخیکی پڕ لە دڵەڕاوکێو تەنگەژەی دروســـت کردوە، گومانی تیانیە کە دەبێتە هۆی شەڕ و کوشت و بڕ لەنێوان خێڵەکانی دانیشتوی بیاباندا، هەر ئەمەش بو وایکرد داگیرکردن و تاڵانکردن بە یەکێك لەپێکهاتە سەرەکیەکانی فەرهەنگی بیابانشینی هەژمار بکرێت(وەردی، ٢٠١٧: ٨٠)، بەمجۆرە خێڵەکانی نیمچە دورگەی عەرەب لەناو وشکی و قاتوقڕی بیاباندا بۆمانەوەی خۆیان بەدرێژایی ساڵ سەرقاڵی پەلاماردان و تاڵانی و کوشـــتاری یەکتر و ڕێگری بون، یان ماوەماوە خێڵێکی بیابانشـــینی پێکەوە لەناکاو پەلاماری ئەو شارۆچکە و ئاوەدانیانەیان دەدا کەلەڕۆخی بیابانەکان بون و تاڵانیان دەکردن(سابیر، ٢٠١٤: ٢٦).

بێگومان مەیلی شـەڕکردن، هەروەها ئارەزوی هەڵکوتانەسـەر و تاڵانکاری، لەناوکۆی کۆمەڵگاکانی دیکەشـدا بونی هەبوە و سروشـتێکی مرۆیی گشـتی بوە، بەڵام بەپێی هەلومەرجی تایبەت بەهەر نەتەوە و کۆمەڵێك کەم و زیاد دەکات، کاتێك لەنەتەوە شارستانیەکان دەکۆڵینەوە دەبینین مەیلی شەڕەنگێزی تیایاندا کەمترو لاوازترە وەك لەنەتەوەکانی دیکە،

وەك (ئیبن خەلدون) دەڵێت: (ئەو حکومەتەی لەنێوان شارنشینەکان سەرهەڵدەدات وادەکات ئەوان زیاتر ئارەزوی ملکەچی بکەن و کەمتر خو بەکوشتن و شەڕ و ناکۆکی توندەوە دەگرن)(ابن خلدون، ۲۰۱۳، ۱۲۵/۱-۱۲۷)، لەوبارەیەوە توێژەرێك پێیوایە زۆر سەختە دەوڵەت لەبیاباندا سەرهەڵبدات، چونکە بەرهەمهێنان تیایدا بەشی دانیشتوانە بەردەوام زۆربوەکەی ناکات(وەردی، ۲۰۱۷: ۸۲).

۳- هۆکاری ئابوری و بازرگانی:

سروشتی ئابوری نیمچە دورگەی عەرەبی وا دەخوازێت ئاماژە بەوە بکەین، کەبازرگانیکردن و ئابوری دەشتەکی شوانکارەیی، دوبنەمای سەرەکی ئابوری نیمچە دورگەی عەرەبیان پێکهێناوە، ئەگەر بازرگانی توانایەکی تایبەتی لەدروستکردن و پێکهینانی دەوڵەتان و شارستانیەتەکان و هەمو فۆرمێکی شارستانی مەدەنی باڵا هەبوبێت، ئابوری دەشتەکی شوانکارەیش پەیوەندی قوڵی بە ژیانی کۆچەری و ڕێکخستنی خێڵەکی و سروشتی دوژمنکارانەی جەنگخوازیدا لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا هەبو، ئەو ئابورییە کۆچەرییە بەشێوەیەکی زیاتر گشتگیر و بڵاوتر بو(جعیط: ۲۰۰۰، ۱۲)، هەرچەندە چالاکی ئابوری لەو ناوچەیە، جوڵەی بازرگانی بوە، بەڵام ئەو چالاکییە زیاتر شارەکانی دەگرتەوە، تەنانەت لەشارەکانیش چینێکی تایبەت بەو بوارە سودمەند دەبون، فراوانی بیابان و کەمی سەرچاوەی ئاو، وایکردوە عەرەبە بیابانشینەکان زۆرینەیان لەکۆچی بەردەوام دابن، زیاتر لەو شوێنانەی ئاوی خواردنەوە و سەوزایی هەبوە بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان، نیشتەجێدەبون، هەر بۆیە کاتێك سەرچاوە ئاوییەکان کەم دەبونەوە، بۆ شوێنێکی دیکە دەیانگواستەوە، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکی ململانێ و ڕوبەڕو بونەوەی خێڵەکان بو بەرامبەر بەیەکتر(حتي، ۱۹۵۱، ۳۲؛ نادر، ۲۰۲۳، ۹٤)، بێگومان بەشێکی شەڕ و ململانێی خێڵەکی خێڵەکانی نیمچە دورگەی عەرەب زۆرجار لایەنی ئابوری هۆکاری سەرەکی ئەوشەڕانە بوە، ئەو ناکۆکیانە تەنها پەلاماردان و دەرکردنی ئەو هۆزانە نەبوە لە سەر سەرچاوە ئاوییەکان و لەوەرگە، بەڵکو لەئەنجامی دەمارگیری هۆزایەتی، دەبوە کێبڕکێی یەك و شەڕی بەردەوام، زۆربەی جار تاڵانی کاولکاری لیدەکەوتەوە، سەرچاوە مێژوییەکان زۆرێك لەو شەڕانەیان باسکردوە، وەك پەلاماری هۆزی بنو سلیم بۆ سەر هۆزی ئەسەدو لەوپەلامارەدا بەنو سەلیم تاڵانیەکی زۆری ئەو هۆزەیان کردوە (الاصفهاني: ۱۹۵۲، ۱۵/ ٥٦)، هەروەها بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی مەککە وەك (مخزوم، عبدالشمس، عبدالدار)، هەوڵیان دەدا کاروانە بازرگانیەکان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، بۆ نمونە ئەوکاتەی یەکێك لەئەندامانی هۆزی (کنانة) دەستدرێژی کردە سەرکاروانێکی بازرگانی (نعمان بن المنذر) لە یەکێك لەمانگە حەرامەکاندا، خێڵی قورەیش پشتگیری هۆزی (کنانة)ی کردو بەشداری ئەو جەنگەیان کردوە، کە بە جەنگی (الفجار) ناسراوە(إبن هشام، ۲۰۰٤، ۱/ ۱۵۰-۱۵۲)، وەك ئاماژە کراوە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕەکە ئەوە بوە (قورەیش و کنانة) دەترسان لەوەی بازرگانیان لەناوچەی حیجاز لەدەست دەربچێت(العلي، ۱۹۸۱، ۲۳٤)، لەم بارەوە (وات) سەبارەت بە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی (الفجار) دەڵێت: " هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە ئەنجامی هێرشێکی بەئەنقەستی مەبەستداربو، کە هاوپەیمانێکی مەککە هێرشی کردە سەر کاروانێکی بازرگانی بەرەو یەمەن دەڕۆیشت لەسەر ڕێگای طائف، بەزمانی ئابوریش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەککەیەکان لەهەوڵی ئەوەدا بون ئەم ڕێگایە دابخەن یاخود دەستبگرن بەسەریدا، ئەگەر لەجەنگەکەشدا سەرکەوتو نەبون، بەڵام بەئامانج و مەبەستەکەیان دەگەن"(وات، ۱۹۵۲، ۳۸-۳۹).

جێگای ئاماژەیە گەورە بازرگانەکانی مەککە هەربەوەوە نەوەستان قۆرخی کاروانە بازرگانیەکان بکەن، بەڵکو هەوڵیان داوە دەستبگرن بەسەر بازرگانی ناوخۆی مەککە و ڕێبگرن لەو بازرگانە یەمەنیانەی کەلەیەمەنەوە شتومەکیان بۆ بازاڕەکانی مەککە بۆساغکردنەوە هێناوە، لەو بارەوە هەواڵزانان (ئەخباریەکان) دەڵێن: هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆبەستنی

پەیماننامەی فزول (حلف الفضـــول) (٧) ئەوەبو: (پیاوێك لەخێڵی زوبیدی لەیەمەن هەندێك کەلوپەل دەهێنێت بۆ مەککە، (عاصی بن وائل) کە یەکێك بو لەپیاوماقوڵانی مەککە، شـــتومەك و کەل و پەلەکانی لێی دەکڕێت و پارەکەی نادات، پیاوە زوبەیدیەکەش هانای بۆ هاوپەیمانەکانی مەککە برد لەوانە: (عبدالدار، مخزوم، عدی بن کعب)، هەریەك لەئەمانە گوێیان پێنەداو ئامادە نەبون بچنە هانایەوە لەدژی (العاصی بن وائل) بن و پشـــتیوانیان لەپیاوەکە نەکردوە بەڵکو لێشیـــ تورەبون، کاتێك کە زوبەیدیەکە ئەو خراپەکارییەی بینیوە، ناچار بوە هانا بەرێتە بەر خەڵکی مەککە تابەهانایەوە بێن و مافەکەی بۆ وەربگرنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەکاتی هەڵهاتنی خۆردا بۆ سەر (ابی قبیس)کە(شاخێکە لەمەککە) چوە و بەدەنگی بەرز هاواری کردوە:

ومحرم أشعث لم يقض عمرته    يا للرجال وبين الحجر و الحجر

ان الحرم لمن تمت كرامته ولاحرم لثوب الفاجر الغدر

(ئەوپیاوە بەوە غیرەتیان دەجوڵێنیت و باسی ئەو زوڵمە دەکات کەلێی کراوە لە ئەرزی خودادا و لەپاڵ کەعبەدا کە تێیدا نەماڵ دەفرێنرێت و نەهەق ون دەبێت، ئەو زوڵمە لەنێوان بەرد و ئەو بەردە ڕەشـــەکەی کەعبەدا لێی کراوە و ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەو بەرگی عومرەی پۆشـــیوە) کاتێك (زبیر بن عبدالمطلب)گوێی لەوقســـانە دەبێت هەڵدەســـتێت و دەڵێت: نابێت ئەم کارە وا بەجێ بهێڵدرێت(ابن کثیر، ١٩٧٦، ١/ ٢٥٩)، ئەوە بو کۆمەڵێك پیاو لە(بنی هاشـــم، زوهرة، بنی أســـد بنی عبدالعزی) چون بەهانایەوە و لەماڵی (عبدالله بن جدعان) کۆبونەوەو ئەم پەیمانەیان مۆرکرد(پەیمانیان دا پشتیوانی لەستەم لێکراو بکەن خەڵکی مەککە بێت یاخود دەرەوە، مافەکەی لەستەمکار بۆ وەربگرنەوە)(ابن هشام، ٢٠٠٤، ١/ ١٥٠-١٥٢؛ علی، ٢٠٠١، ٤/ ٨٦-٨٧).

لەوبارەیەوە خلیل عبدالکریم پێیوایە هۆکاری ئەم ڕوداوە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە کاروباری مەککە و بازرگانی کە شـــادەماری ژیانە تێکچوە و توشی تەنگ و چەڵەمە بوە، ئەوەش بەســـەر خەڵکەکەیدا دەشـــکێتەوە زۆرترین زیانیان پێدەگەیەنێت وکاردەکاتە ســـەر ناوبانگە بازرگانیەکەیان، جگە لەپیرۆزی پیگەئاینییەکەی مەککە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی دەسـەڵاتێکی سـیاسی لەمەککەدا کە کەلتوری دەسـتدرێژی و تاڵانی لەشـوێنی خۆیدا بوەسـتێنێت(عبدالکریم، ٢٠٢٣، ١١٨).

لە ڕاستیدا هۆکاری بەستنی (پەیمانی فضول) ئەوەی لێدە خوێندرێتەوە، کە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی مەککە هەوڵیان دەدا یەمەنیەکان لەبازرگانی باشـور دەربکەن و ئەو بازرگانیە بۆخۆیان قۆرغبکەن، چونکە پەرچەکرداری (بنی هاشـم) و سەرجەم ئەو خێڵانەی دیکە کە بەشدار بون لەبەستنی ئەو پەیمانە زیاتر لەو ڕوانگەیەوە بو، ئەمانە (لەڕوی داراییەوە لە تواناياندا نەبو کاروانی بازرگانی بنێرن بۆ یەمەن، بەڵکو زیاتر سـودمەند بون لەمامەڵەکردن لەگەڵ بازرگانەکانی یەمەن لەمەککەدا، ئەگەر هاتو ئەو کاروانەی بەرەو یەمەن دەڕۆیشت بەگشتی بکەوتایەتە ژێردەستی هۆزەکانی (عبدالشمس و مخزوم)، ئەوا ئەو هۆزانەی کە توانای داراییان کەمتر بو بەشـــێکی گەورەی بازرگانیەکانیان لەدەســـت دەداو هیچ شـتومەکێکی بازرگانیان بەدەسـتەوە نەدەما تاکو بینێرن بۆ وڵاتی شـام، ئەوکاتە ناچار دەبون ملکەچی مەرجەکانی بازرگانە دەوڵەمەندەکان ببن، بەو جۆرەش دەستکەوتی کەمیان دەبو)(وات، ١٩٥٢: ٣٩)، ئەمەش وەك هۆکارێکی گرنگی ئابوری و بازرگانی هەژمار دەکرێت، کە هۆکار بوە بۆ ململانێی خێڵەکی.

هەروەها (الطبري) دەگێڕێتەوە، قورەیشـــیەکان ئامادەیان تێدابو گوێڕایەڵی بانگەوازەکەی پێغەمبەرین(ﷺ)، (بەڵام ســـەرکردە گومڕاکانیان ســـەریان لەقورەیشـــیەکان شـــێواندبو بەو ماڵ و ســـامانەی کەلە طائف هەیانبو خەڵکەکەیان

گومڕاکرد و لەدژی پێغەمبەر(ﷺ) هانیان دەدان، لەبەر ئەوە خەڵکەکە نەدەچون بەدەم بانگەوازەکەیەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کەخودای گەورە پاراستنی ئەوانەش ژمارەیان کەم بون)(الطبري، ١٩٦٨، ٢/ ٣٢٨)، لەوبارەوە توێژەرێك پێیوایە ئەو گەورە بازرگانانەی کەخاوەنی زەوی و کێڵگەی کشتوکاڵی بەپیت بون لەطائف، زۆر بەتوندی سەرکردایەتی بەرەی بەرهەڵستکارانیان دەکرد لەدژی بانگەوازی ئیسلام، چونکە هەستیان دەکرد بنەماکانی ئەم بانگەوازە نوێیە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان(الملاح، ١٩٩٤: ١١٩)، هەروەها پێشوازیکردنی ئەم بانگەوازە نوێیە لەلایەن بازرگانە بچوکەکان و گەنج و هەژارو کۆیلەکانی مەککە ئەوە دوپاتدەکاتەوە، کەئەو گەورە بازرگانانە بەتوندی دژایەتی بانگەوازی ئیسلامیان دەکرد(ابن هشام، ٢٠٠٤، ١/ ٣٩٢)، ئەگەر سەیری زۆربەی سورەتەکانی قورئانی پیرۆزبکەین بەتایبەتی (ئەوانەی کە لەمەککە دابەزیون) لە زۆربەی ئایەتەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە سەرکردە بێ باوەڕە دەوڵەمەندەکانی بەچاوی گاڵتەجاڕی و سوکایەتی سەیری شوێن کەوتوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) یان دەکرد، لەم بارەوە(خودای گەورە) دەفەرموێ ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوا أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ﴾ (سورەتی الانعام، ئایەتی ٥٣)، واتە بەهۆی هەندێکیانەوە هەندێکیان تاقی ئەکەینەوە و توشی بەڵاو غەزەبی خودا ئەبن، ئێمە ئیمان ئەدەین بەهەژاران و بێ دەسەڵاتان، کەچی بێباوەڕە دەوڵەمەندەکان ئەڵێن: ئایە چۆن دەبێ ئەم هەژارە بێ جێگاو ڕێگایانەن خودا لەناو ئێمەدا هەڵیانبژێرو نیعمەتی ئیسلامی پێ بدا؟ ئەو بێباوەڕە نەزان و نەفامن، خوا لەهەموکەس چاکتر بەندەی شوکرانەبژێری خۆی ئەناسێ و چاکتر ئەزانێ کێ شایەنی پلەو پایەو، کێ بێ ئاین و ناشوکرە و شایەنی سەرشۆڕییە(الطبری، ٢٠٠١، ٩/ ٢٦٣)، بەهەرحاڵ ئەمانە بەبەشێکی گرنگی ئەو ململانێ و شەڕە خێڵەکیانە دادەنرێت، کەلەناو زۆرێك لەخێڵەکانی عەرەب پێش ئیسلامدا پەرەی سەندوە، بۆتە بەشێك لەعەقڵیەتی ئەو کۆمەڵگەیە و کەلتوری شەڕ و شەڕانگێزی بەرهەم هێناوە.

٤-هۆکاری ئاینی: بێگومان گرنگی هۆکاری ئاینیش دەتوانین وەك هۆکارەکانی دیکە باس بکەین، بەتایبەت خەڵکانێك کە بەرژەوەندیان لەوەدا هەبوە ئاین بەکار بێنن بۆ گەیشتن بە پلەو پایەو هەروەها دەستگرتن بەسەر ئابوری مەککەدا وەك دەسەڵاتدار و دەسترۆیشتوەکانی قورەیش، بنەماڵە دەوڵەمەندەکان ئەوانەی کەپارەیان لەدەستدا بو، دەیانویست مەککە وەك پایتەختی بت پەرستی بمێنێتەوە، چونکە ئەوە سودێکی زۆری بۆیان هەبو لەڕوی دەستکەوتی داراییەوە، ئاشکرایە مەککە لەڕیزی پێشەوەی ئەوشارانەدا بوە کە کەوتونەتە سەر ڕێگەی بازرگانییە گرنگەکان و لەسەردەمدا لەدیارترین شارەکانی قافلە بازرگانییەکان بوە(عبدالکریم، ٢٠٢٣، ١٧٦)، هەروەها باڵادەستەکانی قورەیش بەهۆی زۆری سەروەت و موڵك و هەژمونییەوە توانیبوی جڵەوی دەسەڵات لە شاری مەککە بگرێتە دەست و ببێتە دەستپێك بۆ باڵادەستی قورەیش بەسەرناوچەی حیجاز لەداهاتودا(علی، ٢٠٠١، ٥/ ٢٤٩)، هەروەها دامەزراندنی (دار الندوة)ی مەککە لەلایەن قصي_ بن کلاب، کە لە گەورە و پیاو ماقولان و ئەشرافی قورەیش بو، لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی(دار الندوة) خانەی ڕاوێژی قورەیش بو بۆڕایکردنی کاروبارەکانی مەککە(شریف، ١٩٦٥، ١٢٩).

هەروەها لێکۆڵەرێکیتر پێیوایە هەژمونی دەسەڵاتی(الملاء)، بەسەر مەککە دا تەنیا چالاکییە ئابوریەکان بوبێت بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا ڕەگەز یان میحوەری دیکە هەبون لەوانەش ئاینیی ئەو کارانەی کە (بنو عبدالدار) کردویانە لەو چوارچێوەیە دابوە (حسین مروة، ٢٠٠٨، ١/ ٢٣١)، ئەمە چ جای ئەوەی لەپێناو هێشتنەوە و پاراستنی باڵا دەستی هۆزێك بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەتایبەت لە مەککە هەوڵدراوە کاروبارە ئاینینەکان ئەوانە کە تایبەت بون بە مەراسیمی زیارەتکارانی کەعبە پارێزگاری لێبکەن، لە دابینکردنی ئاو و خۆراك و پاراستنی ئارامی، بە نمونەی هۆزی قورەیش، کە بەسود وەرگرتن لەو پێگەیە، زۆرجار باڵادەستی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپاندوە.

بەهەرحاڵ هەر یەك لەم هۆكارانە بە پێی سروشـــتی پەیوەندییەكانی و هەلومەج و ژینگەی جوگرافی، كاریگەری خۆیان لە قوڵكردنەوەی هەستی دوژمنكارانە و شەڕ لە ناو خیلەكانی عەرەبدا دروستكردوە، بە جۆرێك وەك كەلتورێكی خێڵەكی لەناویاندا ماوەتەوە، كاریگەری لەسەر چارەنوس و دوارۆژیان داناوە، كە پانتاییەكی فراوانی لە مێژوی خێڵەكاندا داگیركردوە.

### تەوەرەی دوەم/ ئامانجەكانی شەڕی خێڵەكی عەرەب:

لەڕاستیدا هەر شەڕ و ململانێیەك هۆكاری خۆی هەبوە، لەهەمان كاتدا ئامانج و دەشێت مەرامی خۆشی هەبێت، چونكە هەر هێز و لایەنێك ئاســتی ململانێكانی دەگەیەنێتە قۆناغی شـــەڕ و بەریەككەوتنی ســـەربازی دیارە ئامانجێكی هەبوە، كە لە قۆناغی ســەرەتایی پێینەگەیشــتوە یاخود دەخوازێت زۆرترین ڕێژەی ئامانجەكانی بەدەســتبهێنێت، زیاتر لەوە زۆرجار ئامانج دەبێت هۆكاری بەرپاكردنی شـەڕێك، ئیدی لە شـەڕ و ململانێی نێوان خێڵەكانی عەرەبیشـدا زۆرجار لەپێناو ئانجگەلێكدا پەنابراوەتە بەر شـەڕێكی درێژمەودا و درێژخایەن، حاڵەتیش هەبوە بەهۆكارێكی زۆر لاوەكی شـەڕێك بەرپابوە كە ئامانجێكی ئەوتۆش لە ئارادا نەبوە، لەم تەوەرەدا بەگشتی و بە پوختی شرۆڤەی ئەو بابەتە بە پشت بەستن بەســـەرچاوەكان و لێكدانەوەی ڕوداوەكان دەكرێت، بەگشــتی لەمێژوی شـــەڕ و ململانێكاندا هەمیشـــە لەپاڵ هۆكارە جۆربەجۆرەكانی باسـمانكرد كۆمەڵێك ئامانج و مەبەسـت هەبوە، ئینجا سـیاسی بێ یان ئابوری، تەنها بەكارهێنانی هێز نابیتە شـەڕ ئەگەر ئەم ئامانج و مەبەستانەی بەدواوە نەبێت، وەك ئامانجی مادی و مەعنەوی كە هەر خێڵێك هەوڵی بۆبەدەست هێنانی داوە، لەوانە:

١- ئامانجی مەعنەوی و دور مەودا:

بێگومان ئامانجگەلێك هەنە كە لەكات و زەمەنێكی دواتردا یاخود دوای شـەڕ دێنە دی، یاخود دەكرێت لە لێكەوتە و دەرئەنجامەكانیەوە بەدەست دێن، بۆ نمونە لاوازكردنی هۆزی بەرامبەر و لەدەستدانی پێگە و هەژمونی بەسەر ناوچە و دەڤەرێكدا، یاخود گۆڕانی هاوســەنگی هێز و لەبەریەكهەڵوەشــاندنەوەی هاوپەیمانی و هاتنە ئارای بارودۆخێكی نوێ، كە لەبەرژەوەندی لایەنێكی شەڕەكەدا بوە، بەشێكیش لەو شەڕانەی نێوان خێڵەكانی عەرب لەو ئامانجە بەدەر نەبون، لەوانە لەبەر یەك هەڵوەشاندنی هاوپەیمانیەتی خێڵەكی و دروستكردنی بەرەی نوێ و زاڵكردنی هەژمونی خێڵەكی بەسەر ئەوانی دیكەدا بۆنمونە لەشـــەڕی (الفجار) لەنێوان هۆزی (كنانة)، كە هۆزی قورەیش پشـــتگیریان دەكردن، لەگەڵ هۆزی (قیس عیلان) لە هوازن، كەلەمانگە حەرامكراوەكان ڕویداوە، (ابن هشـــام، ٢٠٠٤، ١/ ٢٠٨-٢١١)، هەروەها ئامانجی پەیداكردن یان سـەندنی مافی سـەرداریەتی و باڵادەسـتی بەسـەر ئیش و كارەكانی كۆمەڵگەكەیدا (ابن إسـحاق) دەڵێت: لەدوای ئەوەی (قصي۔ بن كلاب) دەسـەڵاتی سـەرۆكایەتی مەككەی گرتە دەسـت هۆزەكی لەمەككە كۆكردەوە و شـــوێنی نیشـــتەجێ بونی بۆدابینكردن، ئەوانیش هەمو گوێڕایەڵی فەرمانەكانی بون(ابن هشـــام، ٢٠٠٤، ١/ ١٢٤)، هەروەها بەهۆی پەیمان بەســـتنی (الاحابیش و قورەیش)، بەیارمەتی قورەیش الاحابیش توانیان لەدەوروبەری مەككە نیشـتەجێ بن(علی، ٢٠٠١، ٧/ ٣٠)، تەنانەت بەسـتنی پەیمانی (فضـول) لەلایەن بەنی هاشـم و هۆزە بەشـداربوەكان، پەرچەكرداری ئەو قۆرخكاریە بو، بەئامانجی ئەوەی دەیانویســـت بازرگانی مەككە بۆ خۆیان قۆرخ بكەن و یەمەنییەكان لەبازرگانی باشـــور دەربكەن(الملاح، ٢٠٠٨، ٤١٣)، بۆیە یەكێك لەدیارترین ڕێگا كە بەهۆیەوە پیاوی بیاباننشـــین دەیتوانی سەرداریەتی و ناوبانگ بەدەستبهێنێت، ئەوەبوە كە دەبوایە ئازاو بەخشندە بێت، واتا لەیەك كات دا شەرکەر و تاڵانكەر و بەخشـەریش بێت، ئەوكاتە لەڕێگای هێز و ئازایەتییەوە دەسـتكەوتی پەیداكردوە، پاشـان لەڕێی بەخشـندەیی و

جوامێریەوە ســەردارێتی خێڵی دەگرتە دەســت و بەناوبانگ دەبو، لەوبارەیەوە (عەلی وەردی) دەڵێت: ڕەنگە لەڕاســتی لانەدەم ئەگەر بڵێم، بیاباننشینەکان لەهەمو خەڵکی زیاتر حەزبە ناوبانگی باش دەکەن، دەبینین هەیانە خۆی یان هەمو ئەوشــتە بەنرخانەی کەهەیەتی دەیکاتە قوربانی لەپێناوی ئەوەی بەبەخشــندەیی جوامێری ناوبانگ دەربکات (وەردی، ٢٠١٧، ١٢٠)، هەر لەم بارەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: (بەهۆی ئەو ســـەرکەشـــیەی کەلە مرۆڤدا هەیە بۆ گەیشـــتن بەئامانج لە هەمو ئەمانەدا بێگومان لەڕێگەی شــەڕ و خوێن ڕێژییەوە دەبێت، دەمارگیری خێڵەکی بەتایبەت لەشـــەڕ و ململانێکاندا زۆر پێویستە)(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٥٨).

ئەم جۆرە شـــەڕ و ململانێی خێڵەکی هۆکار و ڕەگەزێکی دیکەی کەلتورەکەیان بو، هەروەك ئاماژەی بۆ کرا کە مێژونوســـانی عەرەب بە (أيام العرب) ناویان بردوە، بەڕادەیەك خوێناوی بوە، کەجاری وا هەبوە دو خێڵ یان زیاتر، لەســەر شــتێکی زۆر بچوك و بێبایەخ بەشــەڕ هاتون، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دور مەودا بەدرێژایی دەیان ســاڵ کوشــتاریان لە یەکدیکە کردوە، بۆ نمونە شــەڕی (البســوس) کە لەســـەر حوشــترێك لە نێوان هەر دو خێڵی (بکر و تغلب)دا ڕویداوە، نزیکەی چل ساڵ درێژەی کێشاوە، لەو ماوەیەدا ئەم دو خێڵە بەسەدان کەسیان لەیەکدیکە کوشتوە (ابن هشام، ٢٠٠٤، ١١٠؛علی، ٢٠٠١، ٨/ ٢٠١٧؛ ضيف، ١٩٦٠، ٦٦)، زۆربەی خێڵەکان هەمیشە لەئامادەباشیدا بون بۆ شــەڕو تۆڵەســەندنەوە، بەهۆی هەر ڕوداوێك، کەڕویداوە شــەڕیان کردوە و خوێنڕێژراوە، بەڵام لەچوار مانگی ســـاڵ خوێن ڕشـــتن کەلە کەلتوری خێڵەکی عەرەب دا حەرام و قەدەغە بو، ئەوانیش مانگەکانی (ذی القعدة، ذی الحجة، رجب، محرم) بوە(ابن هشـام، ٢٠٠٤، ١/ ١٥٢؛ شـلبی، ١٩٩٦، ١/ ١٥١). بەڵام هەندێکجاریش شــەڕیان تیایا ئەنجام داوە و خوێن ڕژاوە، وەك شـــەڕی (حرب الفجار)، کەواتای گوناهکاران دەگەیەنێت، بۆیەش ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە لەمانگە حەرامەکاندا ڕویداوە(ابن الاثیر، ٢٠٠٥، ١/ ٤٦٨). کاتێك سروشــتی ژیانی بیاباننشــینی ئەوەی سەپاند بەسەر هۆزە دەشتەکییەکان تا لەسنورێکی دیاریکرتودا بژین، ئەندامەکانیشی۔ نەتوانن ئەو سنورە ببەزێنن ئەو مەترسیانەی ڕوبەڕویان دەبووەوە لەو ژینگە سەختەی بیابان و ململانێی بەردەوامی نێو هۆزە جیاجیاکان، هۆزە لاوازەکانی ناچار کردبو پەنا ببەن بۆ هاوپەیمانی بەســـتن لە گەڵ هۆزە بەهێزەکان لە پێناو ئامانجێکی دور مەوداو مانەوەی خۆیاندا(الملاح، ٢٠٠٨،٣٧٤). لێرەوە بیرۆکەی ئەوە ســـەریهەڵدا دە دەســـتبگرن بەخزمایەتی و ڕەچەڵەکی دورەوە، پەیوەندی ڕەســـەن لەگەڵ پشـــتەکانیاندا دروســـتبکەنەوە، لەبەرئەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: پاراســـتنی ڕەچەڵەك و دەستگرتن بەپەیوەندی خزمایەتی لە ناو هۆزە دەشتەکیەکاندا بەهێزو پتەوبوە، بەڵام شارنشینەکان خواستی ئەوەیان هەبو ڕەچەڵەك و تیرە گەراییی لەبیربکەن و پەیوەندی ڕەچەڵەکیان ببەســـتنەوە بەو شـــارانەوە کە تیایدا دەژیان(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١٢٩/١-١٣٠).

٢-ئامانجی مادی و نزیك مەودا وەکو دەستکەوت و تاڵانی شەڕ:

هەروەك پێشـــتر ئەوە خرایە ڕو، کە ســـەختی ژیان قورسی ئاســـتی بژێوی زۆرجار وەك هۆکارێکی دیار ڕۆڵی لە هەڵگیرساندنی شەڕی خێڵەکیدا بینیوە، ئیدی لە پێناو پەیداکردنی بژێوی و ڕزق و ڕۆزی ململانێ و شەڕ هەڵگیرساوە، هەڵکوتانە ســـەر یەکدیکە و کاروانە بازرگانیەکان و تاڵانی و دەســـتگرتن بەســـەر کاروباری هێزی بەرامبەر ئامانجێکی شـــەڕەکان بوە، بەتایبەت بەشـێك لەو خێڵ و هێزە تاڵانچیانەی بژێوی ســەرەکیان لەســـەر تاڵانی و ڕێگری بوە، وەك دەبینین بەشـێکی ئەو هێرشـانە بە هۆکاری بژێوی بوە، چونکە بەشـێك لەو هۆزانە ژیانیان بەسـترابوە بە تاڵانی و نانیان بەهۆی هێزی شمشێرەکانیان پەیدا کردوە، بۆیە هۆزەکان لەوپەری بێمتمانەیی ژیانیان دەگوزەراند، چونکە لەشەو ڕۆژدا متمانەیان نەبو کە هۆزێك هێرش نەکاتە ســـەریان و ماڵ و موڵکیان بەتاڵان نەبات(قلعەجی، ١٩٨٨، ٣٥)، هەروەك

(ئیبن خەلدون) بەڕاشکاوی ئاماژەی بەو ڕەوشەکردوە دەڵێت: (بەدەستهێنانی پێداویستی ژیانی بیابانشینی بە نوکی شمشێرەکانیان بوە)(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١٣٨)، بەتایبەتی لەساڵانی قاتو قڕیدا، خێڵەکان هێرشیان دەکردە سەر یەکتر و خێڵە سەرکەوتوەکان دەستیان بەسەر سەروەت و سامان و ئاژەڵ و مەڕوماڵاتی خێڵە دۆڕاوەکاندا دەگرت و ژن و پیاوانیشیان وەك كۆیلە و كەنیزەك دەبرد(علی، ٢٠٠١، ٥/ ٦٠٥)، بۆیە دەستگرتن بەسەر سامان و ماڵ و موڵك و لەوەڕگای خێڵی بەرامبەردا ئامانجێکی دیاری هۆز و خێڵە شەڕکەرەکان بوە، هەر لەو بارەیەوە جواد علی دەڵێت: تاڵانی هەمو ئەو دەستکەوتانەی شەڕ دەگرێتەوە کە دەکەوێتە دەستی کەسی سەرکەوتوەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا لە پارەی خێڵی دۆڕاوەوە بێت، یان لە پارەی سەرۆکی خێڵە دۆڕاوەکە بێت، یان لە پارەی شوێنکەوتو و ڕەعیەتەکانیەوە بێت، یاسای ئەوان لە شەڕدا ئەوەیە کە هەرچی دەکەوێتە دەستی هێزی سەرکەوتو موڵکی خۆیەتی(علی، ٢٠٠١: ٢٦٢/٩). سروشتی کۆمەڵگای خێڵەکی وابوە بەهۆی ئەو نەریتەی کەهەیانە خویان بە شەڕو تاڵانکاریەوە گرتوە، هەرکات ئیش و کارێکیان دەست نەکەوتایە دەستیان کردوە بە شەڕ و تاڵانی بێئەوەی هیچ خولیاو بەرنامەیەکیان هەبێت، یابیریان لەدەرئەنجامی کاری خراپی کردۆتەوە، کارە مەترسیدارەکانیان ئەنجام داوە و دەستیان بەهەرجێگایەك گەیشتبێ تاڵانیان کردوە و گەڕاوەتنەوە شوێن وناوچەکەی خۆیان لەبیاباندا(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١/ ٤٠٦).

ئەو سەختیە وای لە بیابانشینەکان کردبو پشت بە تاڵانی ببەستن و یاسای شمشێر پیادەبکەن، بێجگە لەبەدەستهێنانی پێداویستیەکانی پڕکردنەوەی غەریزەکانیان، بیریان لەهیچی دیکە نەدەکردەوە، شانازیان بەئازایەتی دەکرد، ئازایەتیش لای ئەوان تاڵانکردنی مال و سامان بو(زرینکوب، ٢٠٠٧، ٢٧)، بۆیە دەستکەوتەکانی شەڕ سەرچاوەیەکی دارایی باشن بۆ هێزی سەرکەوتو، بە تایبەت ئەگەر هێزە دۆڕاوەکە دەوڵەمەند وخاوەنی سەروەتی باش بێت، توێژەرێك پێیوایە لەپێش ئیسلامیشدا لەناو خێڵە عەرەبەکانیشدا گوزارشتی لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامانی دەست بەسەرداگیراو دەکات(نادر، ٢٠٢٣: ١٥)، ئەوەتا وەك دەبینی لەناو ئەدەبیاتی سەردەمی جاهیلیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوە، ئیمرؤولقەیس(امرؤ القیس) ی شاعیر لە پێش ئیسلامدا لەدێرەشعرێکدا ئاماژەی بۆکردوە دەڵێت:

وقد طوفت فی الافاق حتی رضیت من الغنیمة بالایاب(امرؤ القیس، ٢٠٠٤: ٧٩).

لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی(تاج العروس) وتەیەکی عدی کوڕی حاتم هاتوە دەڵێت:(رَبَعْتُ فِي الجاهِلِيَّةِ، وخَمَسْتُ فِي الإِسْلامِ) واتە ئەو لە هەردو حاڵەتەکەدا سەرکردایەتی سوپای کردوە، چونکە شازادە یان فەرماندەی سوپا لە سەردەمی پێش ئیسلامدا چارەکێک لە دەستکەوتی شەڕی دەبرد، ئیسلامیش هات و کردی بە پێنجەیەك، دەستکەوتی بۆ داناوە، واتە: لە هەردو حاڵەتەکەدا فەرماندەی سوپا بوە(مرتضی الزبیدی،٢٠٠١: ١٦/ ٢٣-٢٤). ئەم ڕوداوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی شەڕو ململانێی خێڵەکان ئامانج لەدەستکەوت و تاڵانکردن لەپێش هاتنی بانگەوازی ئیسلام، نەریتێکی پەیڕەوکراوی هۆزە عەرەبەکانی ناوچەی حیجاز بوە.

٣- ئامانجی تۆڵەسەندنەوە:

بێگومان توندو تیژی و زەبرو زەنگ و گیانی تۆڵەسەندنەوە یاسای یەکلایی کەرەوەی مانەوەی خێڵ بوە لەناوچەیەکدا، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بۆتە سروشت و داب و نەریت و بەشێك لەکەلتوری کۆمەڵایەتی خێڵەکان و پەیڕەوییان لێکردوە، جێگیربونی ئەو دیاردەیە وەك کەلتورێکی کۆمەڵایەتی لەناو هۆزەکان، وایکردبو هۆز و خێڵەکانی دیکە، وەك پارچەیەکی تاڵانی و دەستکەوت دەیبینی، بەمافی خۆی دەزانی لەهەر دەرفەتێك بۆی ڕێکبکەوێت بیکوژێت و تاڵانی بکات(حتي، ١٩٥٢، ١/ ٣٥)، لەو ڕوانگەیەوە دەستدرێژیکردنە سەر یەکتر و ئەوانی دیکە کارێکی ئاسایی بوە، بەو پێوەرە هێزو توندو تیژی و باڵادەستی لەو کۆمەڵگایەدا، جێگای شانازی بوە، کاری سەرەکیان کوشتن و تاڵانکردن و

تۆڵەسـشـەندنەوە بوە هەروەها چاودێریکردن و ڕێگرتن بو لەکاروانە بازرگانیەکان(زرینکوب، ٢٠٠٧، ٢٧)، بەو هۆیەوە لە تێڕوانینی ئەواندا دۆستایەتی و دوژمنایەتی باوەڕێك بو لەخواستی خۆیەوە دەیبینی، شانازی دەکرد کاتێك خراپەی بە خراپە وەڵام دەدایەوە، هەرکەســێك پێچەوانەی ئەو بیری بکردابوایەوە، ئەو بەلاواز دەیبینی(ارنولد، ١٩٧١، ٦١)، پێوەری هێزو تۆڵەســەندنەوە لەناو کەلتوری خێڵەکی عەرەبدا وای لەجواد علی کردوە پێیوابێت دەســتکەوت بەپێی توندو تیژی و شـەڕ کارێکی قێزەون بوە، بەڵام ئەگەر بەهێز و باڵادەسـتی دەسـتکەوتیان بەدەسـت بهێنابوایە، ئەوا کارێکی شـەرفمەندانەبوە(علی، ٢٠٠١، ٥/ ٦٠٥)، ئیبن خەلدونیش جەخت لەوە دەکاتەوەکە هەمو ئەو توندو تیژی و ناکۆکی و گیانی تۆڵەسـشـەندنەوەی شـەڕانگێزیانە، بۆکەمی بەروبومە سروشـتیەکان و هەژاری و سـەختی دابینکردنی گوزەران دەگەڕێتەوە، پێیوایە بۆیە شـێوازی ڕەفتاریان وشـك و توندو تیژ بوە(ئیبن خەلدونو ٢٠١٦، ١/ ١٤١)، لەشـەڕەکانی سەردەمی پێش ئیسلام گیانی تۆڵەسەندنەوە ئەوەندە بەهێز و توندو تیژ بوە، تائاستیك زۆرجار دەبوە هۆی لەناو چونی هۆزێك، وەك شەڕی(داحس و الغبراء) لەنێوان دولقی هۆزی غطفان (عبس و ذبیان) لەسەر شتێکی ئاسایی، کارەساتێکی ماڵوێرانکاری لێکەوتۆتەوە(ابن هشـام، ٢٠٠٤، ١/ ٣١٦). لەکۆمەڵگای خێڵەکیدا هەموشـتێك لەسـەر بنەمای هێز هەڵدەسـەنگێندرێت(الجابری، ١٩٩٤، ١٦٧)، سروشـتی شـەڕ و ئامانجی تۆڵە سـەندەنەوە، بەشـێکە لەسروشـتی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە و هەمیشـە شـانازی بە هێز و ئازایەتی و خۆی دەکات، بەردەوام سـازو ئامادەبون بۆ شـەڕی لەناکاو دەسـتگرتن بەسـەر کەلوپەلی هێزی بەرامبەردا(الشریـف، ١٩٨٥، ٨٩)، هەروەها وەك ئامانجی تۆڵەکردنەوە لەخێڵی بەرامبەر دەسـتیان بەسـەر زەوی و سـامانی یەکدیکەدا دەگرت و ژن و پیاو و منداڵیان بەکۆیلە بردوە(الرسـافی، ٢٠٠٢، ٢٢-٢٨).

جێگای ئاماژەیە لەسـەردەمی پێش ئیسـلام کاری لەپێشـینەی خێڵەکان شـەڕانگێزی و دەسـتدرێژی و تۆڵەسـەندنەوە بوە، هەمو هۆزەکان لەدوژمنایەتی بەردەوامدا بون لەدژی یەکدیکە، بەگوێرەی یاسـای هۆزەکە مامەڵەیان کردوە، یاسا تەنها یاسـای تۆڵەسـەندنەوە بو(الزحیلی، ١٩٦٢، ٧٠)، ئەو ناکۆکی و شـەڕانەی نێوان خێڵەکان، سـیماو تایبەتمەندی خێڵەکییەکانی عـەرەبمان بۆ ڕون دەکاتەوە، ئەو ململانێیە تـەنها لەنێوان دەشــتەکیەکاندا نەبوە، بەڵکو زۆرجار لەشارەکانیش هەمان دوبەرەکی و ململانێی خێڵەکییانە هەبوە، بۆ نمونە شـەڕی (سـمیر) لە نێوان هەردو هۆزی (أوس و خزرج)، وەك دەگێڕنەوە ئەوەندە دور و درێژ بوە، ڕوداوی لەم شێوەیە لهنێو هیچ گەلێکدا ڕوینەداوە، نزیکەی سەدو بیست ساڵ بەردەوام بوە، تاکۆتا شـەڕی نێوان ئەو دو هۆزە، کەناسراوە بە(یوم البعاث)، کە تیایدا هۆزی أوس بەسـەر هۆزی خزرج دا سـەرکەوتوە، تۆڵەی خۆی کردۆتەوە ئەو شـەڕە پێنج سـاڵ پێش کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) بۆ شـاری (یثریب) کۆتایی هات(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ١/ ٥١٩)، لەو بارەیەوە توێژەرێك پێیوایە شەڕێکی دورو درێژی ئەوها بەئاسانی شــوێنەواری ناسردرێتەوە، تەنانەت بەهاتنی ئاینی ئیســلام و دروســتبونی ئومەی ئیســلامی کە ئەو دو هۆزەش دەبنە بەشــێك لەو ئومەیە، غەریزەی تۆڵەســەندنەوەی ئەو ڕکابەریە هەرماوە لەدەرچەیەك دەگەڕێن بۆ خۆدوبارەکردنەوە، چونکە مەودای دور و درێژی بەردەوامبونی پرۆسـەکە، ئەو ڕق و قینەیەی کردۆتە بەشـێك لە ڕوحی ئەو کۆمەڵگایە و لە هەسـت و نەسـتی تۆڵەکردنەوەی تاکی خێڵ جێگیر بوە (نادر، ٢٠٢٣، ٨٣)، دەکرێت بڵێین کاتێك ئەو نەریت و کەلتورە شەڕانگێزییە دەبێتە سروشتی تاك، سەختە ئەوکەسە بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بیشاریتەوە، چونکە دەبێتە بەشێك لە خوڕەوشتی کەسەکە، بۆیە لەهەر دەرفەتێکدا ئەوکەسە خۆی خاڵی دەکاتەوە لەو سروشتە، بەئامانجی تۆڵەسەندنەوەی ئەو ڕوداوەی لەڕابردو بەســەر خێڵەکەیدا هاتوە، هەر بۆیەش شــەڕو ململانێی خێڵەکییەکان بەردەوام بوە بۆماوەی چەندین ساڵ درێژەی هەبوە.

## ئەنجام:

١-کەلتوری شـــەڕانگێزی لەنێو کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەب لەناوچەی حیجازدا، بۆتە بەشـــێك لە خوونەریت چۆتە خوێنیانەوە و نەوەدوای نەوە لەســەری پەروەردە بون، هەروائاســان نەیانتوانیوە دەســتبەرداری ئەم کەلتورە خێڵەکیە ببن.

٢-شوێنی جوگرافی نیمچە دورگەی عەرەب و وشکی ئاوهەوای ناوچەکە، کاریگەری بەرچاوی لەسەر دەمارگیری خێڵەکی و کەلتوری تالآنی لەنێو هۆزە بیابانشینەکاندا هەبوە.

٣-ململانێ لەسەر دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی ئاو لەوەڕگاکان، هۆکارێکی دیاری شەڕی خێڵەکی هۆزە دەوارنشین و بیابانشینەکانی عەرەب بوە، لەپیناو دەستگرتن بەسەر زۆرترین ڕوبەری لەوەڕگا و سەرچاوەکانی ئاودا.

٤-هەســتی خۆبەزل زانین و وابەســتەی تاکی خێڵ بەســەرۆك خێڵەوە هۆکارێکی گرنگبوە، کە هەســتی شــەڕانگێزی و ئاژاوەگێڕی لەناو ئەندامانی خێڵەکانی عەرەبدا بەهێز کردوە، ئیدی هەستکردن بە بونی پشتگیری و دەمارگیری خێڵەکی، خێڵەکانیان زۆرجار ڕوبەڕوی شەڕێکی درێژخایەن کردۆتەوە.

٥-ئازایەتی و جوامێری پیاوی بیابانشین بەئەندازەی بڕی ئەو دەستکەوتانە پێوانە کراوە کە لەشەڕ و هەڵکوتانە سەردا بەدەستی هێناوە، بۆ ئەوەی پێگەیەکی بەرزی پێ بەدەست بێنێت.

٦- پێکهاتەی فەرهەنگی بیابانشینی لەسەر سێ پایە بنیاتنراوە (دەمارگیری، داگیرکردن و تالآنی، جوامێری و مەردایەتی)، غەریزەی خۆزاڵکردن لەهەمو ئەم سێ پێکهاتەیەدا بونی هەبوە.

٧- بەشێکی زۆری شەڕی خێڵەکان لەسەر دەسکەوت و تالآنی بوە،کە لە دێر زەمانەوە کەلتورێکی پەیڕەوکراوی باو بوە لەنێو خێڵەکانی نیمچە دورگەی عەرەب دا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە.

٨- زاڵکردنی هەژمونی خێڵێك بەســەر یەکێکی دیکەدا و گۆڕینی هاوســەنگی هێزی و قەبارەی ســنوری دەمارگیری خێڵ و دەستکەوتەکان، زۆرجار ئامانجێکی گرنگی شەڕەکان بوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


قورئانی پیرۆز.

ابن الأثير، عزالدين أبو الحسـن الجزرى(١٩٩٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السـلام تدمري، دار الكتاب العربي، الطبعةالأولى، بيروت.

ابن حوقل، أبو القاسم محمد البغدادي الموصلي (١٩٣٨)، صورة الأرض، دار صادر، أفست ليدن، بيروت.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد(٢٠١٣)، المقدمة، تحقيق: سعيد محمود عقيل، دار الجيل للنشر والطباعة، بيروت.

ابن عبدربه، أبو عمر احمد بن محمدالاندلسي ـ(١٩٨٣)، العقد الفريد، تحقيق: عبدالمجيد الترحينى، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى، بيروت.

ابـن كـثـير، أبـو الـفـداء إسـماعـيـل(١٩٧٦)، السـيرة الـنـبـويـة، تـحـقـيـق: د. مصـطـفى عـبـد الـواحـد الناشر: عيسى البابي الحلبي، القاهرة.

ابن منظور، محمد بن مكرم (١٩٩٤)، لسان العرب، الحواشي: لليازجي وجماعة من اللغويين، دار صادر - بيروت الطبعة الثالثة، بيروت.

ابن هشام، ابو محمد عبدالملك بن ايوب الحميرى(٢٠٠٤)، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى السقا، ابراهيم الابيارى، عبدالحفيض شلبى، دار الخير، الطبعة الخاميسة، بيروت.

ارنولد، سـيرتوماس (١٩٧٠)، الدعوة الى الاسـلام بحث فى تاريخ نشر العقيده الاسـلامية، ترجمة: حسـن ابراهيم حسـن و عبدالمجيد عابدين و اسماعيل النحراوى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

الاصطخري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الكرخي(٢٠٠٤ ) المسالك والممالك، دار صادر، بيروت.

الاصفهانى، ابو فرج على بن الحسين(١٩٥٢)، الاغانى، تحيق: مجموعه مين محققين، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة.

الألوسي، محمود شكري (١٩٤٢)، بلوغ الادب فى معرفة احوال العرب، عنى بشرحة وضبطه، محمد بهجت الاثرى، دارالكتاب المصرى، الطبعة الثانية، القاهرة.

امرؤ القيس، بن حجر بن الحارث الكندي (٢٠٠٤)، ديوان امرِئ القيس، من بني آكل المرار اعتنى به: عبد الرحمن المصطاوي، دار المعرفة، الطبعة الثانية، بيروت.

امين، أحمد (١٩٦٩)، فجر الاسلام، طبعة دار الكتاب العربى، الطبعة العاشرة، بيروت.

امين، أحمد (٢٠١٢)، الصعليكة والفتوة فى الإسلام، مؤسسة هنداوى للتعليم والثقافة، القاهرة.

البَلَاذُري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (١٩٨٨)، فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

البَلَاذُري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (١٩٩٦)، أنساب الأشراف، حققه وقدم له: سهيل زكار - رياض زركلي، دار الفكر، الطبعة: الأولى، بيروت.

الثعالبي، ابى منصور عبدالملك بن محمد بن إسماعيل النيسابوري(١٩٨٥)، ثمار القلوب فى المضاف والمنصوب، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، دار المعارف، القاهرة.

الجرجاني، علي بن محمد بن علي الزين الشريف (١٩٨٣)، كتاب التعريفات، المحقق: ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر، دار الكتب العلمية بيروت -لبنان الطبعة الأولى، بيروت.

جعيط، هشـام (٢٠٠٠)، الفتنة جدلية الدين والسـياسـه فى الإسـلام المبكر، ترجمه: خليل احمد خليل، دار الطليعة للطباعه والنشر، بيروت.

جمعة، محمد محمود (١٩٤٩)، النظام الإجتماعية والسـياسـية عند قدماء العرب والامم السـامية، دار النشر، مطبعة السـعادة، الطبعة الاول، القاهرة.

الجميلى، خضير عباس (٢٠٠٢)، قبيلة قريش وأثرها فى الحياة العربية قبل الاسلام، المجمع العلمى العراقى، بغداد.

الجميلى، رشـيد (٢٠١٤)، تاريخ العرب فى الجاهلية و عصر الدعوة الاسـلامية، المؤسـسـة اللبنانية للكتاب الاكاديمى، الطبعة الاولى، بيروت.

الجوهری، ابونصر اسماعیل بن حماد (١٩٨٧)، الصحاح تاج اللغة، تحقیق احمد عبدالغفور عطار، دار العلم للملاین، الطبعه الرابعه، بیروت.
حتي، فليب (١٩٤٩)، تاريخ العرب المطلول، دار الكشاف للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت.
حسين، طه (١٩٥٩)، مرأة الإسلام، دار المعارف مصر، القاهرة.
خلیف، یوسف (١٩٨٦)، الشعراء الصعالیك فی العصر الجاهلی، دار المعارف، الطبعه الرابعة، القاهرة.
الراغب الاصفهانی، أبو القاسم الحسين بن محمد(١٤١٢ هـ)، (المفردات فی غریب القرأن)، تحقيق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، الدار الشامية، الطبعة الأولى، دمشق.
الرصافي، معروف (٢٠٠٢)، الشخصية المحمدية اوحل اللغز المقدس، منشورات الجمل، المانيا.
الزبيدي، محمد مرتضى الحسيني (٢٠٠١)، تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق: جماعة من المختصين من إصدارات: وزارة الإرشاد والأنباء في الكويت - المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب بدولة الكويت.
الزحيلي، وهبة مصطفى (١٩٦٢)، اثار الحرب في الفقة الاسلامي دراسة مقارنة، دار الفكر، دمشق.
زرینکوب، عەبدوالحسـین (٢٠٠٧)،دوسـەدە بێدەنگی، وەرگێڕانی: موسـا محمد خدر و ڕێباز مسـتەفا، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان، سلێمانی.
زەینەڵ، ئاراس فەریق (٢٠٠٨)، جەنگی دەروونی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی.
الزيات، أحمد حسن، (١٩٦٠)، تاريخ الادب العربی، دار نهضة مصر، الطبعة الخامسة والعشرون، القاهرة.
سابیر، ڕەفیق (٢٠١٤)، ئیمپراتۆریای لم، ناوەندی غەزەل نوس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی سێیەم، تاران.
سوبحان، ئاسۆ نەریمان(٢٠١٧)، کاریگەری سیستەمی خێڵایەتی لەسەر ململانێی دەسەڵات لەمێژووی ئیسلامدا (١-١٣٢ك/ ٦٢٢-٧٤٩ز)، ماستەرنامەی بڵاو نەکراوەیە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی بەشی مێژو/ زانکۆی سلێمانی.
الشرباصي، أحمد (١٩٨١)، المعجم الإقتصادى الإسلامی، دار الجيل، الطبعه الاولى، بيروت.
الشريف، احمد ابراهيم (١٩٦٥)، مكة والمدينة فی الجاهلية و عهد الرسول، دار الفكر العربی مصر، الطبعة الثانية، القاهرة.
شلبي، أحمد (١٩٩٦)، موسوعة التاريخ الاسلامی، مكتبة النهضة المصرية، ط١٤، القاهرة.
صفا، محمد (١٩٨٧)، الحرب، دار النفائس، للطبع و النشر و التوزيع، الطبعة الثالثة، بيروت.
ضيف، شوقي (١٩٦٠)، تاريخ الادب العربی العصر الجاهلی، دار المعارف بمصر، الطبعة السابعة، القاهرة.
الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير(١٩٦٧)، تاريخ الرسل والملوك، المحقق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعارف بمصر، الطبعةالثانية، القاهرة.
الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير، (٢٠٠١) تفسير الطبري = جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: د عبد الله بن عبد المحسن التركي بالتعاون مع مركز البحوث والدراسات الإسلامية بدار هجر - د عبد السند حسن يمامة، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان – مصر، الطبعة الأولى، القاهرة.
عبدالکریم، خلیل (٢٠٢٣)، قورەیش لەخێڵەوە بۆدەوڵەتی مەرکەزی، وەرگێڕانی خالید مەجید فەرەج، دەزگای ڕۆشـنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، سلیمانی.
عبدالله، شهلة برهان (٢٠٠٨)، الدعوة الاسلامية وحياه البداوة، دار الكتب العلميه، الطبعة الاولى، بيروت.
علی، جواد (٢٠٠١)، المفصل فی تاريخ العرب قبل الإسلام، دار الساقي، الطبعة الرابعة، بيروت.
العلی، صالح احمد (١٩٨١)، محاضرات فی تاريخ العرب، دار الكتب، جامعة الموصل، الموصل.
الفيروزآبادی، مجد الدين محمد بن يعقوب(٢٠٠٥)، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسـسـة الرسـالة بإشراف محمد نعيم العرقسُوسي، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثامنة، بيروت.
القرطبی، أبو عبدالله بن محمد بن أحمد الانصـارى (١٩٦٤)، الجامع لاحكام القران، تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية، الطبعة: الثانية، القاهرة.
قلعەجی، محمد رواس (١٩٨٨)، دراسة تحليلية الشخصية الرسول محمد من خلال سيرتة الشريفة، دار النفاس، بيروت.
لوبون، غوستاف (١٩٩١)، سيكولوجية الجماهير، ترجمة، هاشم صالح، دار الساقی، بيروت.

قاسـم، جميل (٢٠٠٨)، ملحمة عنترة بن شـداد الياذة العرب، لمجلة العربى المجلس الوطنى للثقافه والفنون، العدد ٥٩٠، شـهر يناير، الكويت.
محمود، عرفه محمود (١٩٩٥)، العرب قبل الاسلام، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الطبعة الاولى، القاهرة.
المرزوقي، أبو علي أحمد بن محمد بن الحسن الأصفهاني (٢٠٠٣)، شرح ديوان الحماسة، المحقق: غريد الشيخ وضع فهارسه العامة: إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، بيروت.
مروه، حسين (٢٠٠٨)، النزعات الماديه فى الفلسفه العربية الإسلامية (الجاهلية_ نشأة و صدر الإسلام)، دار الفارابى، الطبعه الثانية، بيروت.
الملاح، هاشم يحى (١٩٩٤)، الوسيط فى تاريخ العرب قبل الإسلام، حقوق الطبع محفوضة، دار الكتب الجامعة الموصل، الموصل.
مودەڕڕیس، مەلا عەبدولكەریمی (٢٠٢٤)، خولاسەی تەفسیری نامی، انتشارات كردستان، چاپی یەكەم، سنە.
نادر،سـەعید مەولود(٢٠٢٣)، كاریگەری كولتوری میللی لەسـەر غەنیمە، دكتۆرا نامەی بڵاو نەكراوەیە، پێشـكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی پەروەردە بەشی مێژو/ زانكۆی كۆیە كراوە.
النويري، شهاب الدين بن احمد بن عبدالوهاب (١٤٢٣ هـ)، نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، الطبعة الأولى، القاهرة.
الهمداني، أبو محمد الحسن بن أحمد بن يعقوب (١٨٨٤)، صفة جزيرة العرب، طبعة مطبعة بريل، ليدن.
وات، مونتجمرى (١٩٥٢)، محمد فى مكة، تعريب شعبان بركات، المكتبة العصرية، بيروت.
وەردی، عەلی (٢٠١٧)، لێكۆڵینەوە لەسروشـتی كۆمەڵگای عێراقی، وەرگێڕانی هیلال صابر، بڵاوكراوەی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەكەم، سلێمانی.
اليعقوبي، أحمد بن يعقوب بن جعفر بن وهب (١٤٢٢هـ)، البلدان، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، بيروت.

پەراوێزەكان

(i) (عكاظ): یەكێك بو لەگرنگترین و بەناو بانگترین بازاڕە وەرزیەكانی نیمچە دورگەی عەرەب پێش ئیســلام، كەوتبوە نێوان (نەخلە) و (طائف)ەوە، بازاڕێكی ئارام بوە، لەمانگی ذی القعدة دەكرایەوە، كەیەكێك بو لەمانگە حرام كراوەكان، كە شــەڕكردنی تێدا قەدەغە بوە، خەڵكی لەهەمولایەكی نیمچە دورگەی عەرەبەوە، هاتون بۆ ســەردانی ئەم بازاڕە، بەمەبەســتی بازرگانی و خۆدەرخســتن و یەكلاكردنەوەی كێشـەو گرفتەكان، هەروەها باشـترین شـاعیرەكانی عەرەب لەسـەردەمی جاهلی ڕویان تێكردوە، شـیعرەكانیان تێدا خوێندۆتەوە، ئەم بازاڕە بەبەردەوامی بۆماوەی بیست ڕۆژ كراوە بوە(ابن الاثير، ١٩٩٧، ١/ ٥٧١).
(ii) (بێوار)(الصعاليك): كۆمەڵێك گەنجی هەژار بون، لەوانە (عروة بن الورد، السليك بن السلكة، الشنفرى، تأبط شرا) دەكرێ پێشیان بڵێن (بێوارەكان)، هەروەها پێشــیان دەگوترێت گورگەكانی بیابان، چونكە وەكو گورگ بەخێرایی هەڵیان دەكوتایە ســەركاروانەكان و لەتاڵانكردن بەناوبانگ بون، ئەوان سەرەڕای هەژارییان زۆرمەرد بون، ئەو ماڵ و تاڵانیەی لەدەوڵەمەندەكانەوە دەستیان كەوتبو بەیەكسانی بەسەر هەژارەكاندا دابەشیان دەكرد(أمين، ٢٠١٢، ١٢؛ خليف، ١٩٨٦، ٥٥).
(iii) (أيام العرب): بریتی بو لەچوار جەنگ، هەواڵزانان (ئەخباریەكان) ناوی (حرب الفجار) یان لە هەر چواریان نابو، لەو مانگانەی كەشەڕی تێدا قەدەغە و حەرام كرابو، بۆ نمونە ١- شەڕ لەنێوان كنانە و هوازن، ٢- شەڕ لەنێوان قورەیش و كنانە، ٣-شەڕ لەنێوان كنانە و بەنی نضير بن معاوية، ٤- شـەڕ لەنێوان قورەیش و كنانەدا پێكەوە و هوازن دا، ئەو شـەڕانە بیسـت و پێنج سـاڵ پێش هاتنی بانگەوازی ئیسلام لەلایەن پێغەمبەر(ﷺ) بوە(ابن هشام، ٢٠٠٤، ١/ ١٥٠؛ عبدالكريم، ٢٠٢٣، ١١٣).
(iv)(حلف الفضول): ئەو پەیماننامە بو كە لەنێوان ئەشرافی مەككەدا بەسترا، بۆئەوەی لەگەڵ مەزڵومدا بن تاوەكو مافەكەی بۆ دەگێڕنەوە وهاوخەمی یەك بن لەمەعیشـەتدا، یەكەم كەس بانگەشـەی بۆكردبو (الزبير بن عبدالمطلب) كوڕی سـەیدی مەككە، لەپاش ئەو (عبدالله بن جدعان) دەوڵەمەندترین پیاوی مەككە، قورەیش ناوی نابو(حلف الفضول)(البلاذری، ١٩٩٦، ٢/ ٢٨٢).